## بەڕێوەچوونی ڕیوڕەسمی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری کۆیە



حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەیەکی تایبەت دا ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردە جێژن و بەو بۆنەیەوە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بەڕێوە برد.

لەو ریوڕەسمە بە شکۆیەدا کە دوانیوەڕۆی رۆژی شەممە، ٢ ی ڕێبەندان لە شاری کۆیە و بە بەشداریی زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان، کەسایەتییە سیاسی و رووناکبیرییەکان، کادر و پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان بەڕێوە چوو، ڕێز لە ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان و دامەزرێنەرانی ئەو کۆمارە گیرا و بەڵێن لە گەڵ ڕێبازی دامەزرێنەرانی کۆمار و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان نوێ کرایەوە.

ئەو رێوڕڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی « ئەی رەقیب» دەستی پێ کرد. پاشان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە وتاری پێشکێش کرد. قسەکانی بەڕیز حەسەن زادە لە لاپەڕە ٥ی ئەم ژمارەیەی «کوردستان»

خوێندنەوەی پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان، پەیامی پیرۆزبایی بەشێک لە حیزبە سیاییەکانی باشووری کوردستان، پەیامی کۆمەڵیک رێکخراو و بنیاتی حکوومی و ناحکوومیی باشووری کوردستان، خوێندنەوەی دوو دەقی شێعری لە لایەن حەمید قەڵادزەیی و فازڵ شەوڕۆ، پەیامی کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچە جیا جیاکانی باشووری کوردستان و تابلۆیەکی هەڵپەرکێی پێشمەرگە لاوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند کۆپلەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمە تایبەتییە بوون.

لەو ریوڕەسمەدا هونەرمەندی دەنگخۆش لالۆ رەنجدەر بە هاوکاریی تیپی مۆسیقای باواجی بە پێشکێش کردنی کۆمەڵیک سروودی حیماسی و شۆڕشگێڕی گوڕ و تینێکی تایبەتیی بە رێوڕەسمەکە بەخشی.

دوابڕگەی ئەو رێوڕەسمە بەشکۆیە هەڵپەرکێی گشتیی بەشدارانی رێوڕەسمەکە بوو.

## پارڵمانی کوردستان یادی ٦٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی کردەوە

رۆژی سێ شەممە ٥ ی ڕێبەندان لە ڕێورەسمێکی تایبەت دا کە لەلایەن پارلمانی کوردستانەوە پێک هاتبوو ، یادی ٦٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کرایەوە. لەو رێورەسمەدا د.کەمال کەرکوکی



سەرۆکی پارلمانی کوردستان و نوێنەری سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی پارلمانی کوردستان و نوێنەرانی زۆربەی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە نێویان دا هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، حەسەن رەستگار و جەلیل گادانی و عومەر باڵەکی و هەروەها ژمارەیەک لە لێپرسراوە حکوومەتی و حیزبییەکانی باشووری کوردستان و ژمارەیەک میوانانی بیانی تێیدا بەشدار بوون.

ڕێوڕەسمی یادی ٦٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بە سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب دەستی پێ کرد. دواتر د.کەمال کەرکووکی سەرۆکی پارلمانی کوردستان لە وتەیەکدا لەوە کە یادی ٦٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە پێیتەختی هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی و گوتی کە رۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە مێژووی میللەتی ئێمە دا رۆژێکی گەش و پرشنگدارەو ئەزموونێکی گەورەی حکومڕانیی گەلی کوردە بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەمەد کە ئێستا بۆتە یەکێک لەسەروەرییە بەنرخەکانی گەلەکەمان.

سەرۆکی پارلمانی کوردستان لە درەێژەدا رایگەیاند کە گرینگترین ئەزموونی کۆماری کوردستان ئەوەیە کە گەلی کوردستان دەتوانێ بە ئازادی ڕێگەی پەرەسەندنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆی دیاری بکا و ئەگەر هەلو مەرج و دەرفەتی بۆ برەخسێ، دەتوانێ حکومڕانییەکی مەدەنی و دیموکراتی و پڕ لە ئەمن و ئەمانەت لە وڵاتەکەی دابمەزرێنێ.

لە درێژەی ئەو رێورەسمەدا ئاسۆس نەجیب عەبدوڵلا، نوێنەری سەرۆکی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناوی سەرۆکی حکوومەتەوە وتارێکی پێشکەش کرد و لەوە کە بەم شێوەیە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەکرێتەوە خۆشحاڵیی دەربڕی. ناوبراو هەروەها گوتی کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی قازی محەمەد دەسکەوتێکی گەورەی نەتەوەیی بوو بۆ گەلی کوردستان لە هەر چوار پارچەکەیدا.

نوێنەری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وتیشی: راستە ئێستا ٦٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری کوردستان تێپەڕ دەبێ، بەڵام گرنگی و بایەخی ئەو کۆمارە لە ڕابردوو و ئێستاش دا سەرچاوەی بەردەوامیی خەبات و کاروانی تێکۆشانە رووەو ئازادی و شادبوون بە تەواوی دەسکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان.

لەوتارەکەی سەرۆکی حکوومەتدا هەروەها ئاماژە بەوە کرابوو: ئەگەرچی ئەو کۆمارە لە جوانی و هەڕەتی ساواییدا بوو لەلایەن رێژیمی ئەوسای ئێران خاپوورکرا و، دواتریش سەرکردەکانی لە سێدارە دران، بەڵام خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان درێژەی هەبووەو دڵنیاشین تا بەدەستهێنانی هەموو ئامانج و دەستکەوتەکان بەردەوام دەبێ .

پاشان دیلمان ئامێدی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان لە وتەیەکدا بە ناوی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان باسی لە گرنگیی دامەزراندنی کۆماری کوردستان کردو وتی: کۆماری کوردستان ئەگەرچی لە ماوەیەکی کەمدا بە نەخشەو پیلانی دوژمنان لە نێوبرا، بەڵام لە چەند مانگ حکومڕانیدا توانی وێنەیەکی جوان نیشانی رای گشتی و ناوچەکە بدا و سەلماندیشی گەلی کورد توانای خۆ بەڕێوبەردنی هەیە.

لەکۆتایی رێورەسمی یادی ٦٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا فیلمێکی دیکۆمێنتی لەبارەی دامەزارندنی کۆماری کوردستان چەند بەرهەمی هونەری بە بەشداریی نەجمەدین غوڵامی، گوڵستان پەروەر، دیاری قەرەداغی و هەروەها چەند هونەرمەندێکی دیکەی لاو و چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێی گرووپی رۆژهەڵات پێشکەش کران و لە بەشێکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا پیشانگایەکی کتێب کرایەوە.

## بەڕێوەچوونی سێمیناری یادی کۆماری کوردستان لە شاری سلێمانی

سمینارێکی تایبەت بە یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری سلێمانی بەرێوەچوو.

رۆژی ٣ی رێبەندان بە دەسپێشخەریی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە شاری سلێمانی سمینارێکی تایبەت بە ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە هۆڵی «تەوار» ی ئەم شارە بەڕێوەچوو.

لەم سمینارەدا کە نوێنەرانی بەشێکی بەرچاو لە هێزو لایەنە کوردستانییەکان، بە سەدان کەسایەتیی سیاسی و رووناکبیری و بەتایبەت مامۆستایانی زانکۆو شارەزایانی مێژووی کوردستان و ئەژمارێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی سیاسی و رۆژنامەوانی تێدا بەشدار بون، هەر سێ شارەزای مێژووی کورد، دوکتور ئارام عەلی، مامۆستای زانکۆو بەرپرسی مەڵبەندی کوردۆلۆجی لە سلێمانی، دوکتور جەعفەر عەلی، ئەندامی پارلمانی کوردستان و هەر وەها بەڕێز سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆو یەکێک لە سیما ناسراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتاریان پێشکەش کرد.



سەرەتای سمینارەکە دوای کردنەوەی پیشانگایەکی وێنەیی و ئەو کتێبانەی لە سەر کۆماری کوردستان نووسراون، بە راگەیاندنی ساتێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کوردستان و چەند وتەیەکی بەرێز مادح ئەحمەدی، بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی دەستی پێکرد.

پاشان دوکتور ئارام عەلی، مامۆستای زانکۆ لە پێوەندی لە گەڵ چۆنیەتیی دامەزرانی کۆماری کوردستان بابەتێکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە سەرەتای باسەکەیدا ئاوڕێکی لەو رووداوە سیاسییانە دایەوە کە پێش لە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ناوچەکەدا هاتبوونە ئاراوەو بە ئاماژەدان بە خاڵە لاوازەکانی مێژووی کوردستان و جووڵانەوەکان، دواتر پرژایە سەر دامەزرانی کۆماری کوردستان.

لە بەشێکی دیکەی ئەم سمینارەدا دوکتور جەعفەر عەلی، ئەندامی پارلمانی کوردستان بابەتێکی لە ژێر ناوی «کۆماری کوردستان بەرهەمی ناسیونالیزمی کوردو قوربانیی شەری سارد» پێشکەش کرد.

بەرێزیان بە ئاوڕدانەوەیەک لە فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان پێش لە دامەزرانی کۆماری کوردستان و بە ئاماژەدان بەو فاکتەرانەی کە لە گەشە سەندنی ناسیۆنالیزمی کورد لە رۆهەڵاتی کوردستان دا دەخیل بوون، کۆماری کوردستانی بە بەرهەمی گەشەی ناسیونالیزمی کورد پێناسە کرد.

پاشان بەڕێز سمایل بازیار مامۆستای زانکۆو یەکێک لە تێکۆشەرانی دێرینی نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بابەتێکی لە ژێر ناوی «کۆماری کوردستان بەرهەمی گەشەکردنی بیری ناسیونالیستی» پیێشکەش کرد.

بەڕێزیان لە سەرەتای باسەکەیدا بە ئاماژەدان بە رەچاوکردنی سیاسەتی توانەوەی کورد لە لایەن دەسەڵاتی رەزاخانییەوە کە دەیەویست بە توانەوەی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکە لە نەتەوەی فارس دا پرۆسەی نەتەوەی ئێران بە ئەنجام بگەیەنێ، گەشە کردنی بیری نەتەوە پەرستیی کۆمەڵگای کوردستانی بە ناسیۆنالیزم لە چەشنی پەرچەکرداری پێناس کردو پێی وابوو کە کۆماری کوردستان بەرهەمی گەشەکردنی ناسیونالیزمە.

بەڕێز بازیار لە بەشێکی دیکەی قسەکانی داکۆماری کوردستانی وەک دەسەڵاتیکی مودێرن و سێکۆلار پێناسە کرد کە بە رەچاوکردن و پشت بەستن بە سیستمەکانی پەروەردە، ماڵیات و کۆماریی و دانانی سروودی میللی و ئاڵای مێژووی کورد دەخاتە قۆناغێکی نوێوە.

دوایین بەشی ئەم سمینارە تەرخان کرابوو بۆ پرسیارو تێبینیی بەشداران کە لەم بەشەشدا چەند کەس لە بەشداران یەک لەوان دوکتور کەیوان ئازاد، مامۆستای زانکۆو شارەزای بواری مێژوو و دیاری خالید خوێندکاری بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی و ... راوبۆچوونەکانی خۆیان لە پێوەندی لە گەڵ باسەکان دا هێنایە گۆڕێ کە دواتر لە لایەن کۆڕگێرانەوە وڵامیان درایەوە.

## ئەندامانی پارلمانی کوردستان ئێعدامی لاوانی کوردی رۆژهەڵات مەحکووم دەکەن

لە درێژەی هەڵمەتی داوای راگرتنی سزای لە سێدارەدانی چالاکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ژمارەیەک لە پارلەمانتارانی کوردستان هەڵوێستێکی نیشتمانی و مرۆڤ دۆستانەیان گرتۆتە بەر و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی درحەق بە چالاکانی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان مەحکووم کردوە. سەرەتا ١٢ کەس لە پارلەمانتارانی کوردستان بە دەرکردنی راگەیەندراوێک داوایان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوە کە سزای لە سێدارەدانی چالاکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵ وەشێنێتەوە.

هاژە سلێمان رێکخەری کەمپەینی کۆکردنەوەی واژۆی ناو پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی واژۆ لە دژی حوکمی سزای سێدارەی زیندانیانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان رایگەیاند کە، لە کۆکردنەوەی واژۆ بەردەوام دەبین.

تاکوو ئێستا ٥٣ ئیمزا لە ناو پەرلەمانتارانەوە کۆکراوەتەوە. هاژە سلێمان لە لێدوانێک دا بۆ ماڵپەری بەیانی وێرای ئەوەی پێداگری کردوە لەسەر بەردەوام بوونیان بۆ کۆکردنەوەی واژۆکان باسی لەوەش کرد کە، دوای کۆکردنەوەی واژۆی سەرجەم پەرلەمانتارانی کوردستان، بەنووسراوێکی فەرمی ئاراستەی کونسولگەریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دەکەن و بە راشکاوانە داوای راگرتنی حوکمی سێدارەی زیندانییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران دەکەین.

شایانی باسە کە دوابەدوای لە سێدارەدانی حوسێن خزری چالاکوانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان



زۆربەی ناوەندە جیهانی وریکخراوی کوردستانی لە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە زیندانیانی سیاسیی دژکردەوەیان نیشان داوە و داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردوە، گوشارەکانیان بۆ سەر ئێران چڕتر بکەنەوە.

ناوی ژمارەیەک لەو پارلەمانتارانەی ئەو راگەیەندراوەیان ئیمزا کردوە بریتین لە:

هاژە سلێمان، سەروەر عەبدولرەحمان، دوکتور بەشیر خەلیل حەداد، گەشەدار جەلال حەفید، شەونم محەمەد غەریب، سالار مەحموود، پەیام ئەحمەد، پەیمان عزەدین، ڤیان عەبدولرەحیم، ناسک تۆفیق، بەفرین حوسێن خەلیفە ، سۆزان شەهاب و ....

# نامەی سکرتێری گشتی حیزب بۆ کۆمیتەی هەموو پارتەکانی پارلمانی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا



سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە کاندیداتۆریی محەمەد سەدیقی کەبودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ نامەیەکی بۆ کۆمیتەی مافی مرۆڤی پارلمانی بریتانیا بەرێ کردوە.

لە درێژەی هەوڵە دیپلۆماسیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بۆ کاندیداتۆریی محەمەد سەدیقی کەبودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلەمانی بەریتانیاو هەروەها لۆردەکان کرد.

بەرێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە نامەکەیدا کە ئاراستەی ئەندامانی پارلەمانی بەریتانیاو لۆردەکانی بەریتانیا و هەروەها کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیای کردوە. نووسیویەتی کە کەبوودوەند هیچ پێوەندییەکی تەشکیلاتیی بە هێزە سیاسییەکانەوە نییە و تەنیا بە تاوانی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و چالاکیی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.

لەکۆتایی نامەکە سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان داوای لە پەرلەمانتاران کردوە کە هاوکار و هاوهەڵوێستیان بن لە کاندیداکردنی محەمەد سەدیقی کەبوودەوند، داواشی کردوە بتوانن لە توانا دیپلۆماسیەکانی خۆیان بۆ میکانیزمی کاندیداتۆری محەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی کەڵک وەربگرن.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ناوەندە دیپلۆماسیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە هەولێکی چڕو پڕدان تا بتوانن کاندیداتۆریی محەمەد سەدیقی کەبوودوەند سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ مسۆگەر بکەن، هەر لەم پەیوەندیەشدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشتر نامەیەکی ئاراستەی عەبدولکەریم لاهیجی بریکاری کۆنفیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ کردبوو کە داوای لە ناوبراو کردبوو پشتگیریی میکانیزمی کاندیداتۆریی محەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی بکەن.

— — — — — — — — — —

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دەرەوەی وڵات

## سوئێد

### بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب ڕێوڕەسمێکی بە شکۆ لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو



کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد بە هاوکاریی ناوەندی سوئێدی - کوردی و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێوارەی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ، ڕێورەسمێکی بەشکۆ بە بەشداریی نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان و چەندین کەسایەتی سیاسی و ئەدەبیی کوردستان و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کوردانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەوە لە ستۆکهۆڵم پایتەختی وڵاتی سوئێد بەڕێوە برد.

ڕێوڕەسمی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کوماری کوردستان بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی‌ڕەقیب لە لایەن کۆڕی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کرد و بە دەقیقەیەک بێدەنگی ڕێز لە یادی هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی ڕێگای ڕزگاری کوردستان گیرا.

دواتر محەممەد ئیسماعیلی، بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانیەکانی کۆمیتەی سوئێد بەو بۆنەیەوە چەند وتەیەکی بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی سوئێد پێشکەش کرد.

پاشان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد و لە وتارەکەیدا سەرەڕای پیرۆزبایی ڕۆژی دووی ڕێبەندان، تیشکی خستە سەر بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و ئێران و جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی وتارەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە سەردەمی ئەوە بەسەرچووە کە ماف و ئازادییەکانی گەلانی پێکهێنەری ئێران لە لایەن پێکهاتەیەکی وڵاتەوە پێشێل بکرێ. ئێرانی داهاتوو دەبێ هی هەموان بێ و لەو ڕاستایەدا ئێرانێکی فیدڕاڵ باشترین شێوەی گونجاوی سەردەمە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە برگەیەکی دیکەی وتارەکەیدا باسی باردۆخی کوردەکانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کردو ڕایگەیاند کە کورد لە تورکیە و سوریە دەبێ مافەکانیان دەستەبەر بکرێ و چیدی ناکرێ بە شێوەی ڕابردوو نکۆڵی لە ماف و بوونی نەتەوەیەک بکرێ و لە وڵاتی خۆیدا بە بێ مافی بهێڵدرێتەوە.

سەبارەت بە هەلومەرجی باشووری کوردستان کاک خالید ڕایگەیاند کە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژەی سیاسەتی پێشووی حیزب دەبێ و ئێمە بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرچی لە توانامان دابێ دەیکەین .

لە کۆتایی وتارەکەیدا کاک خالیدی عەزیزی ئاواتی خواست کە خەباتی گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران بەئاکام بگاو گەلانی ئێران لە ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک و فیدراڵدا بە ویستەکانیان بگەن و هاوکات ئامادەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ هەرچی لێک نزیککردنەوەی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند و هەموو لایەکی دڵنیا کردەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە دەڕوانێتە هەڵوێستی هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە بۆ یەکێەتی و برایەتیی نێوان حیزبە کوردستانی‌یەکان هەوڵ دەدەن.

شایانی باسە ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزو ڕێکخراوە کوردستانییەکان وتارو برووسکەیان هەبوو کە ناوەکانیان بریتیبوون لە:

پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان، یەکێەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشکیری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان، کۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینەکان، کۆمەلە- پارتی سۆسیال دێموکراتی کوردستان، فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردیەکان لە سوئێد، ناوەندی سوئێدی -کوردی، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان - پژاک، ئەنجومەنی کوردەکانی سوریە لە سوئێد ،ئینسیاتیڤی کورد لە ئورووپا، بزوتنەوەی گۆران ، کۆمیتەی کەمپەینی ئاشتی و یەکبوون، هێزە سوئێدیەکان، حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئێد، حیزبی سەوزەکانی سوئێد

دوابەدوای خوێندنەوەی پەیامەکان کوڕان و کیژانی سەر بە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نیشاندانی ڕیزە هەڵپەرکەیەکی جوان، هەستی خۆیان تێکەڵ بە هەستی گشت لایەک کرد و پێشوازیان لەم ڕۆژە مەزنە کرد.

دواین بەشی ڕێورەسمەکە بە گۆرانیی هونەرمەندانی ناسری ڕەزازی، پەیوەند جاف و شۆڕش بۆکانی و هەڵپەرکێ و ڕەشبەڵەکی بەشداربووان تا دەرەنگانێکی شەو درێژەی هەبوو.

## ئوتریش

کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش بە هاوکاریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو وڵاتە بە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمێکی تایبەتی، یادی ٢ ی ڕێبەندان، ٦٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی بەرز ڕاگرت.

لەو ڕێورەسمەدا کە ڕۆژی شەممە، ٢ ی ڕێبەندان لە شاری ڤییەن و بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی حیزب و نوێنەرانی حیزب و هێزە کوردستانییەکان و هەروەها خاتوو مۆنیکا بێڤیلاکوا، نێردراوی حیزبی سەوزەکانی ئوتریشەوە بەڕێوە چوو، ڕێبوارانی ڕێگای کۆماری کوردستان لە گەڵ ئامانجەکانی کۆمار بەڵێنیان نوێ کردەوە.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان وتاری کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ئوتریش بە زمانی کوردی و هەروەها هەر هەمان پەیام بە زمانی ئاڵمانی پێشکەشی بەشداران کرا.

دواتر ناوی ئەو حیزب و لایەنە سیاسی و کلتوورییانە خوێندرایەوە کە پەیامی تایبەتییان بەو بۆنەیەوە بۆ کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئوتریش ناردبوو.

ئەو حیزب و ڕیکخراوانەی پەیامیان بۆ ئەم بۆنە نەتەوەییە ناردبوو بریتی بوون لە:

پارتی دیمۆکراتی کوردستان، ڕێکخستنی ئوتریش،



پارتی ئازادی کوردستان، حیزبی شیوعیی کوردستان، پارتی ئازادی کورد لە سوریە، پارتی یەکیەتیی دیمۆکراتی کورد لە سوریە، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، پژاک، حیزبی شیوعیی عێراق، ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان لە ئوتریش، پارتی چارەسەریی دیمۆکراتی کورد پ چ د ک، کۆمیتەی ئوتریش، پارتی سوسیالیست دێمۆکراتی کوردستان کۆمیتەی ئوتریش، ناوەندی چاک - کوردۆساید کۆمیتەی ئوتریش، کۆنگرەی نەتەوەی کورد_ نوێنەرایەتیی ئوتریش و پەیامی بەڕێوەبەرانی کاناڵی ئاسمانیی ڕۆژ تی ڤێ.

خوێندنەوەی پەخشانێک لە لایەن ئاسۆ پیرۆتی و پێشکیش کردنی گۆرانیەک بە زمانی ئینگلیسی لە لایەن کیژۆڵەی کورد ئەستێرە، دوو بڕگەی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

لە بەشی هونەریی ئەو ڕێوڕەسمەدا هونەرمەندان هێرش هەورامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئیسام عەبباس لە ڕۆژئاوای کوردستان، شێنێ و لانە دوو گیژۆڵەی دەنگ خۆشی کورد لە باشوری کوردستان بە دەنگی خۆشی خۆیان کۆڕەکەیان پتر ڕازاندەوە و هەروەها گروپی هونەریی یۆرگ وگێرتی کە گروپیکی ئوتریشی بوو، بە زمانی ئاڵمانی چەند ئاهەنگێکیان پێشکەشی ئامادەبووانی ئەو جێژنە کرد

## بریتانیا

بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٦٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ڕۆژی ٣ی ڕێبەندانی١٣٨٩ی هەتاوی, کۆمیتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە لیدز، شێفیڵد و مانچێستێر، ڕێورەسمێکی بەشکۆیان لە شاری لیدز پێک هێنا.

ئەو ڕێوڕەسمە کە بەشێکی بەرفراوان لە ئەندامان، لایەنگران و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان تێیدا بەشدار بوون، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب لە لایەن کۆڕێک لە لاوانی دێموکڕات و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.

لە درێژەی بەرنامەکانی ڕێورەسمەکەدا بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە لایەن کاک ڕزگار قادرزادە ئەندامی کۆمیتەی بریتانیای حیزب پێشکەش کرا و پاشان لێکدانەوەیەک سەبارەت بە ئەزموون و دەستکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە لایەن یاسین ملکاڕی بەرپرسی کۆمیتەی لیدزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئامادە کرابوو، پێشکەش کرا.

لە درێژەی بەرنامەکان دا پەیامی پارتی دێموکڕاتی کوردستان_ کەرتی ناوچەی لیدز، پەیامی ڕێکخستنی شاری لیدزی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەیامی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان بەو بۆنەیەوە خوێندرانەوە.

دوا بەداوی پەیامی حیزب و ڕێکخراوەکان، ئاهەنگەکە بە دوو پارچە هۆنراوە لە لایەن شاعیران گەشاو و حوسێن محەمەدپوور رازێندرایەوە.



لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکاندا، ڕێوڕەسمەکە بە ئاواز و گۆرانی لە لایەن تیپی مۆسیقای سەردەشت بە دەنگی هونەرمەندان ئازاد سەردەشتی و هاوژین رازێندرایەوە.

## ئەمریکا

ئێوارەی ڕۆژی یەک شەممە ٢٣ ی ژانویە کۆمیتەی حیزب لە شاری نەشویل لە ئەیالەتی تێنێسیی ئەمریکا ڕێورەسمێکی بە شکۆی بۆ یادکردنەوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە برد.

بە پێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە کوردستان و کورد نیوز ئەو ڕێوڕەسمە کە سەدان کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و هێندێک میوانی ئێرانی و ئەمریکایی تێیدا بەشدار بوون، سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێ کرد.

پاشان پەیامی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە بە دوو زمانی فارسی و کوردی لە لایەن حوسێن محەمەدی، بەرپرسی کومیتەی حیزب لەو شارە خوێندرایەوە. دواتر پارچە شیعرێک لە لایەن یووسف مەولوودی پێشکەشی بەشداران کرا و دواتر پەیامی نوێنەرایەتیی ئەو حیزب و لایەنانەی کە بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون خوێندرایەوە کە بریتی بوون لە :

پارتی دیموکراتی کورستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان، بنکەی ئیسلامیی سەلاحەدین و کۆمیتەی پێشمەرگە دێرینەکان.

دوایین بەشی بەرنامەکە شایی و هەڵپەڕکیی بەشدارن بوو کە بە وتنی گۆرانی لە لایەن هونەرمەند محەمەد ئەمجەدی تا درەنگانی شەو درێژەی هەبوو.

## پاریس

ڕۆژی شەممە ٩ ی ڕێبەندان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پاریس ڕێوڕەسمێکی بە بۆنەی جێژنی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە برد.

ڕێوڕەسمەکە کاتژمێر ٨ ی دوانیوەڕۆ بە کاتی پاریس و بە بەشداریی ئەندامانی حیزب و ژمارەیەکی بەرچاو میوان لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکردو ئامادەبووان بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان دەقیقەیەک بێدەنگیان ڕاگرت.

پاشان کاک مەسعود ڕەواندووست، سەرپەرستی کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە فەرانسە وێڕای بەخێرهاتنی بەشداربووان چەند وتەیەکی لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری کوردستان و هەروەها هەلومەرجی ئەمڕۆی خەبات و بارودۆخی سیاسیی ئێران وکوردستانی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. ڕەواندووست لە قسەکانی‌دا ئاماژەی بە دەسکەوتە مەعنەوییەکانی کۆمار بۆ گەلی کورد کرد و ڕایگەیاند کە دامەزراندنی کۆمارێکی دێموکراتیک و پێشکەوتووی وەک کۆماری کوردستان کە تەنانەت دوای ٦٥ ساڵ لە رووخانی هێشتا نموونەی لە ئێران و هیچکام لە وڵاتانی دەورووبەری نەبینراوە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بە هەلومەرجی نالەباری زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ڕێژیم دا کرد و دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ ڕۆڵەکانی گەلی کوردی مەحکووم کرد و بە ئاماژە بە دەستپێشخەریی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیاری کردنی



دەیەی بەناو فەجر بۆ دەیەی بەربەرەکانی لەگەل سزای ئێعدام ڕایگەیاند کە دەبێ بە هەموان هەول بدەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی ئەم جینایەتانە ریسوا بکەین و ڕێگە نەدەین ڕێژیم چی‌دی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە ئاوا بە ئاسانی بەرێتە ژێر پەتی سێدارە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن ئارەش زەمانی‌یەوە خوێندرایەوە.

دواتر لە درێژەی بەرنامەکەدا چەند گۆرانییەک لە لایەن چەند هونەرمەند و دەنگخۆشی بەشدار لە جێژنەکە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

کۆتایی هێنەری بەرنامەکانیش شایی و هەڵپەرکێی بەشداربووان کە تا کاتژمێر ١٢ی شەوی خایاند.

## نۆرویژ

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١ ی ڕێبەندان کومیتەی نۆروێژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ بە بەڕیوەبردنی ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ یادی یەکەم کۆماری کوردستانی بەرز ڕاگرت.



ڕێورەسمەکە بە سرووودی نەتەوایەتیی ئەیڕەقیب دەستی پێ کرد. پاشان ٦٥مۆم بەنیشانەی ٦٥ ساڵ خەباتو خۆراگریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە دامەزرێنەری کۆمارە ساواکەی کوردستان بوو، داگیرسان.

دواتر بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە لەلایەن بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە وڵاتی نۆروێژ خوێندرایەوە.

دوابەدوای ئەوە پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان و پەیامی کومیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندرانەوە کە لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کورستان، ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی سەربەستیی کوردستان، بزووتنەوەی دێمۆکراتیکی یارسانو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێک هاتبوون.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا ناوی ئەو هێزو ڕێکخراوانە خوێندرانەوە کە پەیامی پیرۆزباییان بەو بۆنەیەوە ناردبوو بەڵام لەبەر کەمیی کات تەنیا ئاماژە بە ناوەکانیان کرا:

١- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان٢- پارتی دێمۆکراتی کوردستان ٣- حیزبی شیوعیی کوردستان٤-ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان٥- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان٦- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران٧- پارتیا یەکیەتیا کورد٨- یاری کورد٩- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، پژاک١٠- یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دوایین بەشی ئەو ڕێوڕەسمە بەشی هونەری و هەڵپەرکێ و شایی بەشداران بوو کە بە دەنگخۆشیی هونەرمەندان شۆڕش بۆکانیو ئەسعەد ڕەزازی ڕێورەسمەکە ڕازایەوە.

## ئاڵمان

ڕۆژی شەممە، ٩ ی ڕێبەندان کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێو ڕەسمێکی بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە ئەندامان، لایەنگران، دۆستانی حیزب و نوێنەرانی حیزب وڕێکخراوە کوردستانییەکان لە شاری فڕانکفورت بەڕێوە برد.





لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا ٦٥ مۆم لە لایەن ٣ ئەندامی لەمێژینەی حیزبەوە بە نیشانەی بیرەوەریی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان داگیرسێندرا.

بەدوای پێشکەشکردنی سرووودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان کاک سوڵتان گوڵاوی وەک نوێنەری کۆمیتەی حیزب لە ئاڵمان لە سەر ٢ی ڕێبەندان و بارودۆخی ئێستای کوردستان بۆ بەشداران دوا و سەرنجی بەشدارانی بۆ ئەرکە هەنووکەییەکانی ئێستای خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد ڕاکێشا .

خوێندنەوەی سرووودی شۆڕشگێڕانە، گۆرانی و شێعر و پەخشان چەند بڕگەیەکی هونەریی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

شایانی باسە کە کۆمەڵێک لە هێز و ڕێکخراوە سیاسی و کلتورییەکانی کورد پەیامی تایبەتیان بۆ ئەو ڕێوڕەسمە ناردبوو کە بریتی بوون لە:

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان ، کۆمەڵە- سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران،پارتی دێموکراتی کوردستان- ڕێکخراوی هێسێن، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ، ئەنجومەنی گشتیی بزووتنەوەی گوران-ئاڵمان، پارتی یەکیەتیی دێموکڕاتی کورد لە سوریە، ناوەندی کولتووریی کوردوئالمان

## دانمارک

کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دانمارک بە بۆنەی ٢ ی ڕێبەندان، ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێوڕەسمێکی تایبەتی بەرێوە برد.

ئەو ڕێوڕەسمە کە ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕێبەندان لە شاری ئالبورگ لە وڵاتی دانمارک و بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵەکان و ئەندامان و دوستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوە چوو،

بە سرووودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتیک بێدەنگی بۆ ریزگرتن لە شەهیدانی ریگای کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پەیامی بەشی زانستە تەندروستیەکان دوو بڕگەی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

دوایین بەشی ڕێورەسمەکە بە شایی و هەڵپەرکێی بەشداران تا شەودرەنگانێک درێژەی کێشا.

# بەڕێوەچوونی میتینگی ئێعترازی دژ بە ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد، لە کوردستان و دەرەوەی وڵات

## هەولێر




« کەمپەینی نا بۆ سێدارە» بە مەبەستی مەحکوومکردنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپیشاندانێکی لە بەر دەم کۆنسۆلگەریی کۆماری ئیسلامی لە شاری هەولێر وەڕێ خست.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە زیاتر لە سەدان کەس لە چالاکانی مەدەنی و سیاسی و ئەندامانی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی تێیدا بەشدار بوون، دروشمی توند دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرز کرایەوە و خۆپیشاندەرانی تووڕە بە بەرد و لەتە بلوک هەڵیان کوتایە سەر کۆنسوولگەریی ڕێژیم و تەواوی شووشە و پەنجەرەی کۆنسوولگەرییان هێنایە خوارەوە.

ئەو کۆبوونەوەیە بە دانی دروشم و خوێندنەوەی سرووودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستی پێ کرد. پاشان پەیامی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان، پارتی چارەسەری دێمۆکڕاتیکی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە_ ڕەوتی سۆسیالیزم، خوێندرانەوە و هەروەها پەیامی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکانی چوار پارچەی کوردستانیش لەو کۆبوونەوەیەدا خوێندرانەوە کە بەشێکیان بریتی بوون لە: پەیامی کەمپەینی ١٠ ڕۆژ بەربەرەکانی دژی ئیعدام لە ئێران، فدراسیۆنی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی شاری کۆیە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، فدراسیۆنی زیندانیانی سیاسیی کوردستان و گرووپی ئینسیاتیڤی ڕۆژئاوای کوردستان.

لەو کۆبوونەویەدا رامبود لوتفپووری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە لاوانی کورد و بزووتنەوەی کوردستان، داوای لە هەموو هیزە سیاسی و ڕێکخراوەکانی کوردستان کرد کە پشتیوانیی خۆیان لە بانگەوازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ناودێر کردنی دەیەی فەجر بە ١٠ ڕۆژ بەربەرەکانی دژی ئیعدام ڕابگەیەنن و بەوەلانانی هەموو ناکۆکییەکانیان لە گەڵ یەکتری، کاری هاوبەش لە پێناو بەچۆکداهێنانی کۆماری ئیسلامی بخەنە دەستوری کاریانەوە.

دوابەدوای خوێندنەوەی پەیامی حیزبە سیاسییەکان و هەروەها خوێندنەوەی پەیامی دەستەی ئامادەکاری ئەو خۆپیشاندانە دروشمدان دژی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردوە.

خۆپیشاندەران دوای بەردەباران کردنی کۆنسولگەریی کۆماری ئیسلامی ڕژانە سەرشەقام و بە بەرزکردنەوەی دروشمی شۆڕشگێرانە تا بەردەرکی ئۆستانداریی هەولێر ڕێپێوانیان کرد.

## دانمارک

کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتی دانمارک بە نیشانەی ئێعتراز بە ئێعدامی تێکۆشەران و چالاکانی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە میتینگێکی نارەزایەتی دەربڕینیان وەری خست.

ڕۆژی شەممە ٢ ی ڕێبەندان بە بەشداریی زوربەی هیزە کۆردستانیەکان و نیشتمانپەروەرانی کورد، دانیشتوو لە شیلەند، خۆپیشاندانێکی بەرین دژ بە ئیعدامی تێکۆشەرانی کورد بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە بەردەم «غودهووس پلادسن» لە ناوەندی شاری کۆپینهاک بەڕێوەچوو.

ئەم خۆپیشاندانە ئێعترازییە لە کاتژمیر٢ ی پاش نیوەڕۆ بە سرودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و بە ڕاگرتنی خۆلەکیک بێدەنگی بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی کۆردستان بە گشتی و حوسێن خزری بە تایبەتی دەستی پێ کرد.



لەو خۆپیشاندانەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کۆردستان و یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کۆردستان بە ئاڵای کۆردستان، وێنەی شەهید حوسین خزری و شەهیدەکانی ١٩ی بانەمەر و دروشمی جۆراوجۆر لە پێوەندی لە گەڵ مەحکوومکردنی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئیران بەشدارییان کرد.

لە درێژەی ئەو خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی نارەزایەتیەدا کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی پەیامی خۆیان دژ بە سیاسەتی کوشتن و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی خوێندەوە کە بریتی بوون لە: حیزبی دیمۆکراتی کۆردستان، کۆمیتەی هاوکاریی هێزە کانی ڕۆژ هەڵات، پارتی ژیانی ئازادی کۆردستان – پژاک، حیزبی شیۆعیی کۆردستان، کۆردو سایت –چاک، کۆنگرە ی نەتەوە یی کۆرد، کۆمەلەی لاوان و سەنتەری دژی لە سێدارە دان.

شایانی باسە کە هاوڕێ ناسر پیرانی بەرپرسی کۆمیتە، پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی خوێندەوەو کۆمیتەی هاوکاریی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆردستانیش لە دانمارک بەشداریی بەرچاویان لەو کۆبوونەوە نارەزایەتیەدا هەبوو، کە پەیامی هاوبەشی ئەو کۆمیتەیە لە لایەن ڕەشید قازی پیشکەش کرا.

## نۆرویژ

ڕۆژی شەممە ٩ ی ڕێبەندان لە ئۆسلۆ پێتەختی وڵاتی نۆروێژ خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی لەدژی سزای لەسێدارەدان لە ئێران بەڕێوەچوو.

هاوکات لەگەڵ ٣٨ شاری دیکەی جیهان کوردو ئێرانییە ئازادیخوازەکانی نیشتەجێی شاری ئۆسلۆ بە وەرێخستنی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی، هەوڵیاندا دەنگی کپ کراوی زیندانیانی سیاسی و نا کوتن بە ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی بە گوێی کۆمەڵگای جیهانی بگەیەنن.

خۆپیشاندەرانی کوردو ئێرانی لەسەر داوای کومیەتی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان وکومیتەی نێونەتەوەیی دژبە ئێعدام و هەروەها کومیتەی خەبات بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی لە ئێران لە دوو بەشی جیادا لە بەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە و وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ خۆپیشاندانیان بەرێوەبرد و بێزاریی خۆیان لە بەڕێوەچوونی سزای ئێعدام لە ئێران دەربڕی

لە درێژەی چالاکییەکانیاندا سەرەتا چەند وتار لەسەر ماشێنی تێرۆری ڕێژیم پێشکەش کران دواتر خۆپیشاندەران بەهەڵگرتنی پلاکارد و وتنەوەی دروشم، جیا لە مەحکووم کردنی ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی لە سەر گیراوانی سیاسی خوازیاری ئازادیی بێمەرجی زیندانیانی سیاسی بوون. خۆپیشاندەرانی کوردو ئێرانی بە سووتاندنی وێنەکانی خامنەیی و داری سێدارە نارەزایەتی و بێزاریی خۆیان لە سیستمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی دەربڕی.

دوای ئەوەی خۆپیشاندەران بەردەرکی باڵوێزخانەێ ئێرانیان بەجێ هێشت بەرەو وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ ڕۆیشتن و بە خوێندنەوەی بڕیارنامەیەکی ٥ مادەیی لەدژی سزای ئێعدام و پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسیی نێو بەندیخانەکان خۆپیشاندانەکەیان کۆتایی پێ هێنا.

## دانمارک

ڕۆژی شەممە، ٩ ی ڕێبەندان لە ناوەندی شاری کۆپێنهاگ کە قەرباڵخترین شوێنی ئەو شارەیە، خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوەچوو کە تێیدا ئەندامانی ژمارەیەک لە حیزب وڕێکخراوە کوردی و ئێرانییەکانی دانیشتوو لە وڵاتی دانمارک بەشدار بوون.

کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک لە سەر بانگەوازەکەی دەفتەری سیاسیی حیزب و هەروەها بۆ نیشاندانی بەڕێوەبردنی بەکردەوە، بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە وێنەی شەهیدانی ئەم دواییانە و وینەی زیندانیانی سیاسیی و مەدەنیی کورد و ئاڵای کوردستان و دروشمی جۆراوجۆر لە پەیوەندی لەگەڵ مەحکومکردنی ڕژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران دا بەشدارییەکی چالاکانەیان لەم خۆپیشاندانەدا کرد.

لەو خۆپیشاندانەدا بانگەوازکەی دەفتەری سیاسیی بە زمانی فارسی لە لایەن هاوری عزت پیرانی بۆ بەشداربووانی خۆپیشاندانە خوێندرایەوە وهەروەها بانگەوازەکەو وێنەی شەهیدان و وینەی زیندانیانی سیاسی بە هەردووک زمانی کوردی و فارسی کە لە لایەن کۆمیتەی حیزبەوە ئامادە کرابوون بە نێو بەشداران دا بڵاوکرایەوە.

شایانی باسە کە حیزب وڕێکخراو و کەسایەتییە بەشداربووەکانی ئەو خۆپیشاندانە بریتی بوون لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، کۆمیتەی دیفاع لە زیندانیانی سیاسی، حیزبی کۆمونیستی ئیران، بزووتنەوەی کۆمار خوازانی دیمۆکرات ولائیکی ئیران، مەوجی سەوەز و «کمیتەی همبستگی با مبارزات مردم ایران»

## ئوتریش

ڕۆژی یەکشەممە، ١٠ ی ڕێبەندان کورد و ئێرانییەکانی وڵاتی ئوتریش بە خۆپیشاندان لە شاری ڤییەن سیاسەتی ئیعدامی لاوانی کورد و ئێرانییان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم کرد.

لە سەرەتای ئەو خۆپێشاندانەدا کە لە بەر دەرگای ئۆپێڕای شاری ڤییەن دەستی پێ کرد، خۆپێشاندران بە دروشم و هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان و وێنەی زیندانیانی سیاسیی لە سێدارە دراو تا مەیدانی ناوەندیی شار ڕێپێوانیان کرد.

لە مەیدانی ناوەندیی شار دوای گوتنەوەی دروشمەکان و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکانێکی زۆری بیانی و ئوتریشی کە وەک توریست لەم ناوە بوون، خۆپیشاندەران بە هەر سێ زمانی کوردی و فارسی و ئاڵمانی دروشمەکانیان هەم بە نووسراوە و هەم بە وتنەوە دەگەیاندە خەڵکانی دەوروبەر.

لە پاشان پەیامی « کۆمیتەی نا بۆ ئێعدام» بە هەر سێ زمانی کوردی و فارسی و ئاڵمانی خوێندرایەوە.

# زیندانییەکی سیاسیی کورد لە سێدارە درا



زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد بە بڕیاری دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە سێدارە درا.

بەرەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە، ٦ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ی هەتاوی، چوار زیندانیی کورد لە بەندیخانەی ورمێ لە دار دران کە بە پێی هەواڵی سەرچاوە خەبەرییەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو چەند کەسە بە ناوی فەرهاد تارم بە تاوانی ئەندامەتی لەو حیزبەدا لە سێدارە دراوە، بەڵام سەرچاوەکانی هەواڵی کۆماری ئیسلامی ڕایانگەیاندوە کە هەموو ئەو کەسانەیان بە تاوانی کڕین و فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان ئیعدام کردوە.

### عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەنداندا:

# دەبێ هەموو تێبگەن کە هیچمان بە تەنێ هیچمان لە دەست نایە

**میوانە بەڕێزەکان! کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بەڕێزەکان! هاوڕێیانی خۆشەویست!**

تێکرا بەخێر بێن بۆ کۆڕیادی دووی ڕێبەندان یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان.

بە شانازیی دەزانم کە لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا لە شێست و پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، بە حزووری ئێوەی بەڕێز ڕێگەم پێدراوە کە لەسەر ئەو ڕووداوە مێژوویی و خۆشەویستەی تاریخی میللەتەکەمان بدوێم. لەو موناسبەتەدا سڵاو لە ئێوە دڵسۆزانی دووی ڕێبەندان و ڕێبازی دووی ڕێبەندان، سڵاو لە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان و لە یادی کۆماری کوردستان. سڵاو لەوانە کە بە وەفادارییەوە ڕێگای کۆماری کوردستانیان گرت و سەریان لەسەر دانا و بە تایبەتی لە ڕەئسی هەموویاندا دوو ڕێبەری بە وەفا بە ڕێبازی قازی محەمەد، دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی. سڵاو لەوانە کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە ڕێگای قازی محەمەد و کۆماری کوردستاندا دەڕۆن لە پێناوی ئامانجەکانی میللەتی کورددا تێدەکۆشن. چ لە شاخەکان، چ لە شارەکان، چ لە زیندانەکان. ئیجازەم بدەن بڵێم بە تایبەتیش ڕۆڵەکانی قازی محەمەد، ڕۆڵەکانی دێموکرات. ئیزن دەخوازم هەر لێرەدا سڵاوێکی تایبەتی وێڕای سڵاو لە هەموو خەڵکی کوردستان بۆ شارە کۆست کەوتووەکە و شارە چاو لە ڕێیەکەی مەهاباد بنێرم.

٢ی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان ڕووداوێکی لەنەکاو و دابڕاو لە ڕووداوەکانی پێشووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتی کورد نەبوو. بەڵکە ئەو ڕووداوە درێژە و لووتکەی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان تا ئەو سەردەمە بوو. ئەوە ڕاستە کە کۆماری کوردستان لە بەشێکی بچووکی پارچەیەکی

**ڕاستە کە کۆماری کوردستان لە بەشێکی بچووکی پارچەیەکی کوردستاندا دامەزرا، بەڵام کۆماری کوردستان دامەزرا بۆ ئەوەی نوێنگەی ئاواتی هەموو کوردەکان بێ**

کوردستاندا دامەزرا، لە ڕاستیدا یەک لە سێی هەموو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە زەحمەت دەگرتەوە بەڵام کۆماری کوردستان دامەزرا بۆ ئەوەی نوێنگەی ئاواتی هەموو کوردەکان بێ.

بە هەوڵ و تێکۆشانی لەمێژساڵەی میللەتی کورد لە هەموو بەشەکاندا و بە ئیستیفادە و کەڵک وەرگرتنی زیرەکانە لە هەلومەرجێکی دا کە ئەو دەمە لەو بەشەی کوردستاندا خوڵقابوو، دامەزرا. بۆیە کۆماری کوردستان با لە بەشێکی بچووکیشدا دامەزرابێ، با لە لایەن حیزبێکی تایبەتیشەوە دامەزرابێ، بە هیچ جۆر ملکی ئەم حیزبە و ئەم بەشە لە کوردستان نەبوو. بەڵکە ملکی هەموو میللەتی کورد بوو لە هەر جێیەکی کە میللەتی کورد دادەنیشێ و لە هەر جێیەک کە خەبات دەکا بۆ ئەو ئاواتانەی. بە خۆڕایی نەبوو کە کۆماری کوردستان بەڕاستی ببوو بە قیبلەی ئاوات. لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە ڕوویان تێدەکرد. ئەوەی هەیانبوو لە توانا و ئیمکانات ماددی، مەعنەوی و نیزامی لە خزمەت بەرەوپێش بردنی کۆمارەکەیاندا دەنا. لەوەش موهیمتر ئەو ڕووحە پیرۆز و نەتەوایەتییە بوو کە بەسەر دەسەڵاتدارانی کۆماری کوردستاندا زاڵ بوو. ئەوان کەسیان لە کۆماری کوردستان بە میوان دانەدەنا. کەسیان بە غەریبە دانەدەنا. ئەو دیمەنە پڕ حەماسەیەی کە لە حزووری بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی ناوداری کورد مەلا مستەفا بارزانی نوێندرا، و ئەو پێوەندییە دۆستانەیە، سەمیمانەیە، کە لە بەینی ڕێبەرانی کۆمار و شەخسی مەلا مستەفا بارزانیدا هەبوو، دیاردەیەکی زۆر شاهیدە بۆ ئەوەی کە کۆمار بە چ ڕووحێکەوە سەیری دەکرا، کوردی دەرەوەی ڕۆژهەڵات چۆنیان تەماشا دەکرد و سەرانی کۆمار چۆنیان تەماشای کوردی دەرەوەی کۆمار دەکرد.

کۆماری کوردستان پێش هەموو شتێک میللەتی کوردی موتەوەجیهی تواناکانی خۆی کرد. بە میللەتی کوردی نیشاندا و بە خەڵکی دنیایەشی نیشاندا کە کورد ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێ توانای ئەوەی هەیە خۆی ئیدارە بکا. ئەوە کە دوژمنان بە لایقی ئەوەیان نەزانیوەو غەدریان لێ کردوە، ئەوە لە تواناکانی میللەتی کوردی کەم نەکردۆتەوە. کۆماری کوردستان تامی ئازادی، ئازادیی ڕاستەقینەی بە میللەتی کورد چاشت. وەکو ڕێبەری مەزنمان شەهید دوکتۆر قاسملوو دەڵێ:» بۆ یەکەم جار میللەتی کورد هەستی کرد لە ولاتی خۆیدا بێگانە نیە. حاکم بەسەر چارەنووسی خۆیدایە.»

کۆماری کوردستان ماوەیەکی کەم ژیا.یازدە مانگ یا کەمتر لە یازدە مانگیش. بەڵام وەکوو مسابیقەی لەگەڵ زەمان هەبێ لەو ماوەیەدا کاری زۆری کرد.پەرەپێدان بە زمان و ئەدەبی کوردی، هەوڵ بۆ دامەزراندنی ئابوورییەکی بەهێزتر، ئیشاعەی دێموکراسی لە مەنتەقەیەکدا کە دێموکراسی لەسەریەک تێیدا غەریب بوو. هەوڵ بۆ موشاریکەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە خەباتدا، هەوڵ بۆ ئەوەکە ئەو کۆمارە ببێتە نوێنگەی ئیرادەی هەمووان و زۆری دیکە. بەڵام بەبێشک گەورەترین دەسکەوتی کۆمار ئەوە بوو کە میللەتی کورد لە سێبەری کۆماردا، دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە گرت. یەعنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بە دەستی خۆی بە عەمەلی جێبەجێ کرد.

لە بەرهەمەکانی کۆماری کوردستان ئەمن شتێکی کە پێم جالبە ئەوەیە کە دامەزرانی کۆمار کورەی خەباتی نەتەوەیی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان نێڵ دا. تەئسیری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر هەموو بەشەکان دانا. هاوپێوەندی کورد لە هەموو بەشەکان لەگەڵ ئەو بەشەی کە کۆماری تێدا دامەزرابوو، گەیشتە لووتکە. ئەوەی بۆیان کرا هاتن تێیدا بەشدار بوون. کەوابێ تەئسیری یەکجار زۆر لەسەر بەشەکانی دیکەی هەبوو. بەڵام ئەوە زۆر جێی سەرنجە کە بە پێچەوانە، ڕووخانی کۆمار تەئسیری نەکردە سەر ڕووخانی ورەی کورد لە بەشەکانی دیکە. عەکسی ئەوە ڕووخانی کۆمار هەستی تۆڵە، ئیسرار لەسەر ئەوەکە دەبێ کۆمار بێتەوە دی، دەبێ ئەو دەسکەوتانە زیندوو بکرێنەوە، لەم بەش یان لەو بەشی کوردستاندا، ئەوە پەرەی گرت. لە هەمووان‌دا، ئیلهام بە هەموو کوردێکی خەباتگێڕ کرا کە ئەو دەسکەوتە نیوەچڵە دەبێ جارێکی دیکە بەدەست بێتەوە. دەبینین کە بە خۆشییەوە ئێستا بەرهەمی ئەو بیرە دەبینین.




ئەمڕۆ ئەمە لە حاڵێکدا یادی شێست و پێنجەمین ساڵی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە ئیدی مەسەلەی کورد ئەو مەسەلە نەناسراو و نامۆیە بۆ دنیای دەرەوە نیە. کورد ئیدی ئەو پاروو چەور و نەرمە نیە کە زۆرداران تەمەعی تێکەن و قووتی دەن. هەر کەس تەمەعی قووت دانێی تێبکا، لە گەرووی دەگیرێ و پێی دەخنکێت! تەنانەت عەقڵە وشکەکانیشی تا حەددێکی زۆر هێناونەوە سەر ڕێی ڕاست و سەر واقعییەت. ئەوەی ئەوڕۆ لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەیبینین ئەوج گرتنی هەستی نەتەوایەتی و شعووری نەتەوایەتییە، ئامادەیی بۆ فیداکارییە. هەستی هاوپێوەندی لەگەڵ هەموو بەشەکانە. بەڵام لەو نێوەدا ئێمە، لەم بەشە یەعنی لە باشووری کوردستاندا ئێمە کۆمارێکی کوردستانی بە پانایی و بەرینی زۆر زیاتر لە کۆماری کوردستان دەبینین کە «بالفعل» هەیە. ئەگەر کۆماری کوردستانی ١٩٤٦ لە بەشێکی بچوکدا محاسرە کرابوو، ئێستا بە خۆشییەوە لە بەشێکی گەورەی ئەم پارچەیە لە کوردستاندایە. ئەگەر ئەو ١١ مانگی خۆ گرت ئێستا ٢٠ ساڵە ئەو تەجرەبەیەمان هەیە و پشت بە خوا و بە هیممەتی مەردان قەتیش جارێکی دیکە ئەستێرەکەی ئاوا نابێت. ئەگەر ئەو وەختی دەر و دراوسێ و ئەملا و ئەولا دوژمنی بوون، ئێستا نموونە تازەکەی کۆماری کوردستان بۆتە مەحەکی ئەنزاری هەموو دنیا. ئینسان کە لە تاریخ دا دەژی قەدری تاریخ نازانێ. بریا بۆیان گێڕابایەنەوە کە لە زەمانی کۆماریشدا شتی ئاوا هەبووە. تەماشا دەکەین ڕێبەرانی حکوومەتێکی مەحەللی وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەورەترین پایتەختەکانی دنیادا لە تەڕەف گەورەترین ڕێبەرانی دنیایەدا وەکوو ڕەئیس و وەکوو سەرکۆمار پێشوازی لێ دەکرێ. ئاگامان لێ یە لەگەڵ هەموو ئەو کەموکوڕییانەی هەمانن و جەرگمان دێشێنێ، دەبینین پایتەختی هەرێمی کوردستان ئێستا لە پایتەختی عێراق و زۆر پایتەختەکان زیاتر میوانداری هەیئەتە خاریجییەکان دەکا. ئەگەر هەولێر بە قەد دوو هێندە و سێ هێندە و دە هێندەی شارەکانی دیکەی عێراقێ کونسوولگەریی تێدان، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەو هەرێمە هەرێمی کوردی یە. لەبەر ئەهەمییەتی قەزیەی کوردە. چەندە خۆشە کە کورد نەک هەر بەسەر چارەنووسی خۆیدا موسەللەتە، بەڵکوو لە چارەنووسی وڵاتەکەشیدا کاریگەرە. موشکیلاتی عێراقی دێ لە هەولێرێ حەل دەبێ. ئەمە بۆیە دەبێ کورد قەدری بزانێ. بە هەموومان لە پەرەپێدانی دا، لە پاراستنی دا تێبکۆشین. هەر بەو جۆرەش ئەگەر دەبینین کەموکوڕی هەیە دیسان هەر بەو حیرسی دڵسۆزانەوە هەوڵ بدەین بۆ لە بەین بردنی کەم و کوڕییەکانیش.

**دۆستانی خۆشەویست!** لە پارچەکەی کۆماری کوردستاندا بەداخەوە وەزعەکە زۆر لە ساڵانی پێشوومان باشتر نییە. ئەوەندەی کە مەربووتە بە پێوەندیی نێوان میللەت و دەوڵەت. کۆماری ئیسلامی هەر لەسەر ئینکاری حقووقی میللەتی کورد و گەلانی دیکەی ئێرانێ بەردەوامە. بە تایبەتی دوژمنایەتییەکی کۆنەپەرستانە و تایبەتی دەرحەق بە میللەتی کورد هەیە. هەمووتان دەبینن ئەگەر کورد لە ئێرانێ لە هەموو شتێک دا بەشی هەرە کەمی پێدەبڕێ، لە ئەشکەنجە و ئازار و ئێعدامدا بەشی شێری بۆ دیاری کراوە. لە یەک ساڵی ڕابردوودا دیتمان کە چەند کەس لە تێکۆشەرانی کورد وەکوو ئیحسانی فەتاحیان، فەرزادی کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی و زۆری دیکە چوونە بن داری ئێعدام و هەر ئێستا زیاتر لە پازدەکەس (وابزانم شازدەکەس) دیسان لە ژێر حوکمی ئێعدامدا ژیان بەسەر دەبەن. لەبەر چی؟ هیچ کوناهێکیان نیە، کوناهێکیان کە هەبێ هەر ئەوەیە داوای ئەو ئاواتانە دەکەن کە کۆماری کوردستانیان بۆ دامەزرا. بۆیە جێی خۆیەتی ئیجازەم بدەن بە دڵەوە بە هەمووماں سڵاوێکی گەرم بۆ خۆڕاگری و مقاومەتی ئەو ڕۆڵە کوردانە بنێرم کە ئەوڕۆ لە زیندانەکانی ئێرانێدا بەرەنگاری کۆنەپەرستی بوونەوە و بە قەولی عەرەبی تەحەددای کۆنەپەرستی دەکەن کە بتوانن ئەوان بە چۆک دابێنێ.

لەو موناسبەتەدا پێم خۆشە دوو مەتڵەبی کورت ئەگەر بکرێ باس بکەم و دوایە مەجال بێڵمەوە بۆ بەرنامەکانی دیکەی کە بۆ ئەم یادە دانراون.

یەکەمیان خیتابە بە هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێرانێ. بۆ ئێمە زۆر جێی داخە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ڕوانینێکی ئاوا کۆنەپەرستانە و بەرچاوتەنگانەی بەرامبەر بە کورد هەیە، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش بەشێکیان لە واقیعدا دەرکیان بۆ مەسەلەی کورد و مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێرانێدا زۆری فەرق نیە لەگەڵ دەرکی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی. بەشەکەی دیکەیان کە دەرکێکی باشتریان هەیە بەداخەوە هەم بۆخۆیان لە نێو خۆیاندا پەرش وبڵاون، هەم هاوکاری و نیزیکییان، دەرکی موتەقابیلیان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کورد یەکجار زۆر کەمە. تەنانەت ئەو بەیت و باوە ژەنگ گرتوو و سواوە کە لەمێژە بزووتنەوەی کوردی پێدەکوترێ کە گۆیا کورد تەجزیەتەڵەب و جیاوازیخوازە، نەک لە نێو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا بەڵکوو لە نێو ئەوانەدا کە خۆیان بە مخالیفی کۆماری ئیسلامی دادەنێن، هەر هەیە. بۆیە پێم خۆشە ئەمن لێرەدا دوو شتی واقعی بڵێم: یەکێکیان ئەوەیە کە لە زەمانی کۆمارەوە هەتا ئێستا، هەتا کورد و خەباتی کوردیش هەیە، با هەموو دنیا ببیسێ کورد باوەڕی بووە و باوەڕی هەیە و باوەڕی دەبێ کە وەکوو میللەتێک حەقی هەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی تا سەرحەددی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ مومارسە بکات. کەوابێ ئەمە لەبەر چاو و برۆی کاڵی هیچ کەس نیە کە شوعاری ستراتیژیمان وەختێک خودموختاری بوو، ئێستا فیدرالیزم داناوە. ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە سەردەمی کۆمارەوە هەتا ئێستا ئەوەندە دەرکی سیاسیی واقعبینانەیان هەبووە کە بزانن شعاری حەقی دانانی مافی چارەنووس بە چ شێوەیەک بەکار بێنن. کەوابێ پەیامی ئێمە بۆ هێزە سیاسییەکانی ئێرانێ ئەوەیە کە ئێمە نامانهەوێ لە ئێرانێ جودا وەبین. دەمانهەوێ بە هەوڵ و هیممەتی هەمووان ئێرانێکی دیکە دروست کەین بەڵام ئەو ئێرانە فەرقی زۆرە لەگەڵ ئەو ئێرانەی تا ئێستا بووە چ لە زەمانی پاشاکاندا چ لە زەمانی کۆماری ئیسلامیدا. ئێرانی ئایندە دەبێ ئێرانێک بێ کە ئی هەموو ئێرانیەکان بێ. گەلانی ئێرانێ ئەکسەرییەتی لەو نەتەوانەن کە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان، لە مافی نەتەوایەتییاندا بێبەشن حەتتا لە چووکترین شکڵیشدا. کەوابێ ئێرانی ئایندە دەبێ بە دەستی هەمووان و بۆ هەمووان دروست بکرێتەوە.

پەیامی دیکە بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردە. لە ڕۆژی دووی ڕێبەندا، هەم یادی دووی ڕێبەندان هەم یادی کۆمار، هەم پەیامی کۆمار، هەم ڕووحی شەهیدەکانمان، هەم خەڵکەکەمان، هەم نیشتمانەکەمان لێمان ناڕازییە. لە هێزەسیاسییەکانی کورد ناڕازییە کە لەم هەلومەرجە سەخت و گرنگ و چارەنووسسازەدا هەر کامەیان ڕووی دەلایەکە. ڕاستە بە خۆشییەوە بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە نییە، بەڵام موهیم ئەوەیە کە پەرش و بڵاون. دەبێ هەموو تێبگەن کە هیچمان بەتەنێ هیچمان لەدەست نایە. هەمووشمان بە پەرش و بڵاوی هەر هیچمان لەدەست نایە. بەڵام ئەگەر هەموومان پێکەوە بین، هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد دەبینە پارامیترێک، دەبینە فاکتۆرێک کە هێز نییە لە دنیادا بتوانێ ئینکارمان بکا. ناڵێم بە هەمووان هەموو شتێکمان پێدەکرێ، بەڵام بە هەموومان زۆرمان پێدەکرێ. ئەمڕۆ نە وەختی ئەو پرش و بڵاوییەی هێزە سیاسییەکانی کوردە، نەبۆ ئەوانەی کە لە وەحدەتێکی زۆر پتەو دەترسن، دەڵێم ڕۆژی یەک گرتنی

**کۆماری کوردستان پێش هەموو شتێک میللەتی کوردی موتەوەجیهی تواناکانی خۆی کرد. بە میللەتی کوردی نیشاندا و بە خەڵکی دنیایەشی نیشاندا کە کورد ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێ توانای ئەوەی هەیە خۆی ئیدارە بکا.**

دوو حیزب سێ حیزبە، بەڵام هەم ڕۆژیەتی، هەم یەکگرتنی هەمووان لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش زۆر عەمەلییە، زۆر نزیکە، زۆر لە تواناداهەیە چونکە خاڵی هاوبەش بۆ پێک گەیشتن لە بەینماندا یەکجار زۆرە. کەوابێ لەو تریبوونەوە جارێکی دیکە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەم ئامادەیی حیزبەکە دەردەبڕم بۆ واریدبوونی دیالۆگ لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد و غەیرەکورد لە ئێرانێدا بە تایبەتی کوردەکان، هەم بانگەواز دەکەم کە بڕوبیانووی لاوەکی هەموو وەلانێن، بێن کۆوە بن، لەسەر لانیکەمی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ خەبات لە پێناوی گۆڕینی وەزعی ئێستای ئێرانێدا یەک بگرن.

پیرۆز بێ شێست و پێنجەمین ساڵی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ئێوە هاوڕێیان و دۆستان و خوشک و برایانی خۆشەویست، لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە بنەماڵەی شەهیدان، لە زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەکانیان و لە هەموو ئەوانەی کە دڵیان بۆ ئازادی و بەختەوەریی کورد لێدەدا. ئێوەش هەر ساغ و سڵامەت بن.

**دەقی تەواوی ئەم وتارە لە ماڵپەڕی «کوردستان و کورد»دا هەیە.**

# وتاری پرۆفیسۆر دوکتور کەماڵ مەزهەر بۆ ڕێوڕەسمی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان



**بێگومان یادەوەریی ٦٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ یادەوەرییەکی یەکجار گەورەی نەتەوەی کوردە. ئەگەر باری نالەباری تەندروستیم نەبووایە دەبوو بۆخۆم ئامادەی کۆڕە پیرۆزەکەتان ببوومایە، سڵاو و ڕێزی تایبەتیم بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە و گشت خوشک و برایانی ئامادە بووان.**

یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ بە لای هەمووانەوە چ دوژمنان و چ دۆستانی کورد خاڵێکی گەورەیە لە سەرتاپای مێژووی نەتەوەی کورد و ئێران و تورکیاو عێراق و سوریا و گشت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست و گرینگترین زلهێزی جیهانی ئەوسا و لە سەروو هەمووشیانەوە یەکیەتی سۆڤییەت و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆیە کە مێژوونووسانی کورد هەرچیەک دەربارەی لاپەرە زێڕین و زەنگینەکانی ئەو کۆمارە بکەن هێشتا هەر کەمە. بە لای بەندەوە کۆماری کوردستان ئەوە دەهێنێت دەیان و دەیان نامەی ماجستێر و دوکتۆرای نوێی دەربارەی بنووسرێت، جا با کورد واتەنی لەو خەرواره گەورەیە چنگێکی بچووکتان عەرز بکەم:

١ــ گۆڤاری «نیشتمان» کە لە مەهابادی خۆشەویست چاپ کراوە ژمارەیەک وتاری مێژوویی بایەخداری دەربارەی ناودارانی کورد بڵاو کردووەتەوە، بەوێنە لە ژمارە حەوت و هەشت و نۆیدا، واتا لە مانگی خاکەلێوەوە تاوەکو مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٤٣ی شەمسی وتارێکی گرنگی دەربارەی شێخ یوسف شەمسەددینی بورهانی بڵاو کردووەتەوە و ناوبراو سەردارێکی بەناوبانگی ڕۆژگاری میری ڕەواندز بووە، هەمان گۆڤار لە لاپەڕە ٣١ی هەمان ژمارەیدا وتارێکی بەپێزی دەرحەق مەلا عەلیی شنۆیی شێخانی کە زانایەکی بەناوبانگی سەدەی پازدەمین بوو،بڵاو کردووەتەوە. هەر لە هەمان ژمارەیدا و لە لاپەڕی چواریدا کاک شەیدا وتارێکی سەنگینی لە هەمان گۆڤاری «نیشتمان»دا دەربارەی شێخ سەعیدی پیرانی هەمیشە زیندوو و «پێشەوای ئینقلابی میللیی کورد» قازی محەمەد بڵاو کردووەتەوە.

٢ــ گۆڤاری «هەڵاڵە» یش کە لە شارۆچکەی بۆکانی سەربەرز چاپ دەکرا ژیننامەی ژمارەیەک لە ڕەهبەرانی کوردی چاپ کردوە کە پێشەوا قازی محەمەد یەکێکیان بووە. گۆڤاری «هەڵاڵە« ئەم وتارەی بەم ناونیشانەوە بڵاو کردووەتەوەــ «کۆمەڵ و ئەحزابی سیاسیی کورد دە رابردوودا. باسێکی مێژوویی»ــ «هەڵاڵە»، بۆکان، ژمارە یەک، ڕەشەمێی ١٣٢٤، ل١٤-١٥. شایانی گوتنە ژمارە یەکی گۆڤاری «هەڵاڵە« لە بۆکان مانگی یەکی ڕەشەمێی ١٣٢٤، واتا سەرەتای مانگی مارتی ساڵی ١٩٤٦ دەرچووە، لە ژمارە دوویدا کە وتارێکی مێژوویی بایەخداری بەم ناونیشانەوە بڵاو کردووەتەوە: «پێشەوای بەرزی کوردوستان جەنابی قازی محەمەد».

٣- کوردناسی هەرە بەناوبانگی سۆڤییەتی میخایل سیمیۆنۆڤیچ لازەرێف کە بەداخەوە دەوروبەری ساڵێک لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد و بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی و کاک مەسعوود بارزانی بە برووسکەی تایبەتی پرسەی خۆیان نارد بۆ خێزان و کەسوکاری لە مۆسکۆ، لە یەکێک لە پەڕتووکە ناوازەکانیدا کە دوو جاران لە مۆسکۆ چاپ کراوەتەوە لە لاپەڕە ٢٩٩یدا دەفەرموێت: « هەرچەندە حوکمەتی ئێرانی لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بانگەوازی بێ لایەنیی خۆی بڵاو کردوەوە وڵاتی ئێران بە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بوونە یەکێک لە شەڕگە گرنگەکانی ئەو جەنگە، هەر ئەوەیش کوردی ناچار کرد پەنا بەرنە بەر چەک بۆ پارێزگاری وڵات و شەڕەفیان و یەکێک لەو ڕەهبەرە ناسراوانە کەسایەتی کوردی بەناوبانگ قازی فەتاح (١٩١٦-١٨٣٢) بوو کە دەبێتە برا بچووکی باپیری قازی محەمەدی ناسراو». هەر لەبەر ئەوەیشە لازەرێف لەو بەرهەمەیدا دەقاودەق دەڵێت:

«لە خاکی کوردستانی ئێراندا یەکەم کڵپەی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنانەت بەر لە دەریای ڕەشیش بەرز بۆوە!».

٤- ڕۆژنامەی بەوبانگی «کوردستان» کە لە مەهاباد دەردەچوو گەلێک جاران وتارەکانی پێشەوا قازی محەمەدی لەم بوارەدا پەخش دەکرد، وەک ئەو وتارەی کە ڕۆژی ٢٩ی مانگی مایسی ساڵی ١٩٤٦ بڵاوی کردووەتەوە. لەو وتارەیدا پێشەوا بە راشکاوی فەرموویەتی:

«زوڵم و زۆری گشت لایەنەکان نەتەوەی کوردیان ناچار کرد لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا پەنا بەرنە بەر چەک بۆ پاراستنی ناموسی کوردان لە جەورو ستەمی بێ ئەندازەی داگیرکەران».

٥- چەند کەس دەزانن کە لە لاپەڕی ٤٦٠ی چاپی دووەمینی «ئێنسکلۆپیدیای سۆڤییەتیی گەورە«دا و دیسانەوە لە بەرگی بیست و هەشتەمینیدا نووسیویە دەڵێت:

«قازی محەمەد بەهاری ساڵی ١٩٠٠ لە شاری مەهاباد هاتووەتە دونیاوە و لە بنەماڵەیەکی ناسراوی ناوچەی موکریانە و زانستی ئایینی لای باوکی میرزا عەلی خوێندوە و دوای ئەوە زۆری پێ نەچوو میرزا عەلی بووەتە قازیی ناوچەی موکریان و قازی محەمەد هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ڕووی کردووەتە ئەدەب و هۆنراوە ناوازەکانی شاعیری نوێخوازی کوردی بەناوبانگ حاجی قادری کۆیی، قووڵایی دەروونی هەژاندوە و دوای ئەویش کە فێری زوبانی فارسی و عەرەبی بووە و بایەخێکی زۆری داوەتە ئەدەبی ڕۆژهەڵات و دواییش فێری زوبانی تورکی و ئینگلیزی و ڕووسی بووە و بایەخێکی زۆری داوەتە زانستی مێژوو و جوگرافیا و ماتماتیک. وێڕای ئەوە قازی محەمەد کەوتووەتە ژێر کاریگەریی بیرو بۆچوونی هۆنراوە بەسۆزەکانی قازی فەتاحی برا بچووکی باپیری کە دژی فەرمانڕەوایی قاجارییەکان و بەرهەڵستیی داگیرکەرانی عوسمانی و ڕووسەکانی لە خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کرد و لە کاتی بەرهەڵستی کردنیدا بۆ هێزە داگیرکەرەکانی تزاری ڕووسیا شەهید کرا. هەمان کات قازی محەممەد کەوتە ژێر کاریگەریی شۆڕشی دەستووری ئێرانی (١٩٠٥-١٩١١) وێڕای ئەوەی پێوەندیی بە شانە بۆلشەفیکەکانەوە کرد کە بە نهێنی لەناو ڕیزەکانی سوپای چاری ڕووسیدا کاریان دەکرد».

٦-و.ل. ڤیلچنێڤسکیش کوردناسێکی دیکەی بەناوبانگی یەکیەتیی سۆڤییەتە، ناوبراو لەو وتارەیدا کە بە ناونیشانی «کوردەکانی موکریان، پوختەیەکی ئەتنۆگرافیی» لە پەڕاوی «چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەتنۆگرافیی وڵاتانی ئاسیای نزیک»، بەرگی یەکەم، مۆسکۆ، ١٩٥٨دا بە زوبانی ڕووسی نووسیویەتی دەڵێت:

«راکێشانی قازی محەممەد بووە هۆی فراوان کردنی بنەمای کۆمەڵەی «ژ.ک.» (ژیانەوەی کورد) بە شێوازێکی زۆر، تایبەت دوای کەوتنی ڕەزا شای پەهلەوی یەکسەر قازی محەممەد کەوتە گەشتێک لە نێو هۆزەکانی موکریاندا و کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤١ توانیی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک هۆزەکانی موکریان لە مەهاباد کۆبکاتەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە جۆرە کۆنفڕانسێکدا و گەلێک کوششی کرد بۆ یەکخستنیان و یەکگرتنی بیرو بۆچوونیان. بۆ جێبەجێ کردنی هەمان مەبەستیش کۆنفڕانسێکی فراوانتری لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٢دا لە شاری مەهاباد ساز کرد، ئەمجارەیان بۆ کۆکردنەوەی سەرۆک هۆزە لیبڕالییەکان و دەستەی ڕووناکبیر شۆڕشگێڕی کورد. شایانی گوتنیشە لەو دەوروبەرەدا قازی محەممەد چیرۆکێکی بە ناوی «صەلاحەددین»وە نووسی کە ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی مەهاباد کردیانە شانۆگەرییەکی سەرکەوتوو و بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا».

٧- بە پێی ژمارە دووی ڕۆژنامەی «کوردستان» کە لە شاری مەهاباد ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی سیازدەی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ چاپ کراوە سەرکردایەتی کۆمەڵەی «ژ.ک.» کاتێک کەوتووەتە دەست پێشەوا «کارێکی بە جێ بوو»، شایانی گوتنیشە کە ناوی خواستەنیی قازی محەممەد «بینایی» بوو. لەو کاتەیشەوە کۆمەڵەی ناوبراو کەوتە چالاکیی ئاشکرا و قازی محەممەد دوو جاران چووە تارانی پایتەختی ئێران و عەرزی داخوازییەکانی کوردی بۆ شا کرد و وەک بۆخۆی دوایی گێڕاویەتەوە داوای لە حەمە ڕەزا شا کردوە کە «بایەخ بدا بە کاروباری خوێندن و تەندرووستیی کورد لە بریتی ئەوەی تۆپ و تانک بەرداتە گیانیان».

٨- کۆمەڵەی «ژ.ک.» دەوروبەری کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەم چالاکانە کەوتە کارکردن بۆ فراوان کردنی بنەمای کۆمەڵە و جێگیر کردنی ئەو بنەمایە و بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا و بەو جۆرە ئاسۆیەکی نوێی لە بەردەم خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورددا لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کردەوە، ئەوەی شەپۆلی نوێی دێموکراسی لە ئێران و سەرتاپای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا ڕەنگی دایەوە تایبەت دوای رووخانی ڕێژیمی نازی لە ئاڵمانیا و تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەم ئاڵوگۆڕە زوو و خێراکانی ئازەربایجانی دراوسێی کوردستان، هەڵوێستی خراپی تارانی پایتەختیش ڕۆڵی کاریگەری خۆی بینی لەو ئاڵوگۆڕانەی ناوچەکانی ئازەربایجان و کوردستان لەو ڕۆژگارەدا دیبیان، ئەوە بوو دوای سەرنەگرتنی ئامانجە ڕەواکانی زیارەتەکانی قازی محەممەد بۆ تارانی پایتەخت وەرچەرخانە سیاسییەکانی کوردستان بەرەو ئامانجێکی ڕۆشن هەنگاوی ناو ڕۆژی شازدەی مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٥ بەیاننامەیەک بڵاو کرایەوە کە ئیمزای حەفتاو یەک کەسایەتیی پێوە بوو کە زۆربەی هەرە زۆریان ئەندامی کۆمەڵەی «ژ.ک.» بوون و دامەزراندنی «حیزبی دێموکراتی کوردستان»یان ڕاگەیاند کە لە ڕاستیدا درێژەی کۆمەڵەی «ژ.ک.» بوو. «حیزبی دێموکراتی کوردستان» یەکەم کۆنفڕاسی خۆی لە شاری مەهاباد لە نێوان ٢٥ و ٢٨ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥دا ڕێکخست و نوێنەرانی گشت لقەکان و ڕێکخراوەکانی پارتی تێیدا ئامادە بوون و ئەو کۆنفڕانسە پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی پارتییان دانا و بە کۆی دەنگ قازی محەممەدیان کردە سەرۆکی حیزب. پرۆگرامی حیزب لە چوار بەش و بیست و دوو بەند پێکهاتبوو کە سروشت «حیزبی دێموکراتی کوردستان»یان بە پێی بەندی دووەم بەم جۆرە دەستنیشان کردبوو: «پشت بە حەق و عەداڵەت و شارستانەتی»، لە بەندی چوارەمیشدا حیزب ئەوەی دەستنیشان کردبوو کە ئامانجی سەرەکی بریتییە لە : « دابین کردنی مافە نەتەوەییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا»، لە بەندی شەشەمیشیدا حیزب نووسیبووی: «حیزبی دێموکراتی کوردستان هیچ دوژمنایەتییەکی بەرانبەر حکوومەتی ناوەندی نیە، بەڵکوو ئاواتخوازی ئاشتییە چونکە گەلی کورد تاوەکو ئێمرۆکە بە دەست کردارە ناهەموارەکانی ئیمپریالیزمی نەگریسەوە دەناڵێنێ... و داوای مافی ڕەوای خۆی لە خودموختاریدا دەکات». لە بەندی پێنجەمی پێڕەوەکەیدا حیزب خەبات لە پێناوی دیموکراسی و ئاشتیدا بە ئەرکێکی پێویست دەزانێت. هەروەها حیزب لە پێڕەوی خۆیداو بۆ یەکەم جار لە کوردستانی ئێراندا سوورە لەسەر ژمارەیەک چاکسازیی کۆمەڵایەتیی وەک بەرفراوان کردنی ڕێبازە نوێکان لە بوواری بەرهەم هێناندا و مسۆگەر کردنی فرۆشتنی بەروبوومی جووتیاران و بەرەو پێشبردنی لادێکان و دانانی ڕادەیەک بۆ کۆچ کردنی جووتیاران و بە پێی بەندی دوازدەمینی پرۆگرامی حیزبی دێموکراتی کوردستان سوورە لەسەر ژیانی ڕەنجدەران و بەرژەوەندی یە سیاسی و ئابووری و تەندروستی یەکان بێ ئەوەی گوێ بداتە ڕەسەن و نەتەوە و ئایینیان». هەرچی بەندەکانی دیکەی پێڕەوی حیزبە ئاماژەیان بۆ پێویستیی بەرفراوان کردنی بنەمای پیشەسازی و بنبڕکردنی بەرژەوەندی¬یە ئیمپریالیزمی یەکان و دان نان بە مافی ئافرەتان و پاراستنی مافەکانی ئازەری و ئەرمەن و ئاسوورییەکان تەرخان کراون. (بڕوانە: «مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان»، مەهاباد، چاپخانەی کوردستان، سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی شەمسی).

٩- دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەتای وەرچەرخانێکی جۆری (نەوعی) بوو لە خەباتی رزگاریخوازی کوردی ئێراندا و حیزبی ناوبراو دەستی کردە دەرکردنی ئۆرگانی تایبەتیی خۆی بە ناوی «کوردستان»وە کە یەکەم ژمارەی لە شاری مەهاباد ڕۆژی یازدەی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ چاپ کراوە و ڕۆژە نا ڕۆژێک دەردەچوو. بەر لەوەیش بە مانگێک حیزب گۆڤارێکی تێۆریی بە هەمان ناوەوە دەرکرد، وێڕای ئەوە لقی شارۆچکەی بۆکان گۆڤارێکی بە ناوی «هەڵاڵە« وە دەرکرد و هەمان کات یەکیەتیی گەنجانی دێموکراتی کوردستان گۆڤاری «هاواری نیشتمان»ی دەرکرد و بابەتە زۆرەکانی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بۆیان هەیە تیشک بهاوێژنە سەر دروشمە نوێکانی خەباتی رزگاریخوازی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات. ڕۆژنامەی «کوردستان» و گۆڤاری «هەڵاڵە« و «هاواری نیشتمان» و چاپەمەنییەکانی دیکەی «حیزبی دێموکراتی کوردستان» دەتوانن تیشک بخەنە سەر ئەم بابەتەمان، وەک «دێموکراسی چییە؟» و «سوسیالیزم چییە؟» و «سوسیالیزمی عیلمی» و «لەپێناوی ناندا» و «یەکیەتی» و «رووناکی ئازادی» و «بۆچی کوردەکان ڕاپەڕین؟» و «زوبان و ئەدەبی کوردی» و «ئیبن خەلەکان» و «لە یادی تولیستۆدا» و گەلێک بابەتی دیکە کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی ڕۆژئاوا بە تێرو تەسەلی دەربارەیان نووسیون و وەک نمونە باسی کتێبە ناوازەکەی ولیام ئیگلتن دەکەین کە ساڵی ١٩٦٤ بەم ناو نیشانەوە بڵای کردۆتەوە «کۆماری کوردی ساڵی ١٩٤٦»، لەندەن و نیۆیۆرک و تۆرنتۆ، ١٩٦٣، ١٤٢ لاپەڕە (بڕوانە: یلیام ئینگلتۆن، کۆماری کوردیی ١٩٤٦، نیویۆرک – تۆرۆنتۆ ١٩٦٣، لاپەڕە ١٤٢).

١٠- لە بەرگی دووەمی نامەی دوکتۆرای زانستییەکەمدا کە لە ساڵی ١٩٦٩ پێشکەشی ئینستیتووتی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای سۆڤیەتیم کرد بە دوور و درێژی باسی ڕەنگدانەوەی کۆماری کوردستانی ساڵی ١٩٤٦م بو سەر کوردی کوردستانی باشوور کردوە، وێڕای ئەوەی لە نزیکەوە دوکتۆر قادری مەحمودزادە و خوالێخۆشبووان دوکتۆر ڕەحیمی قازیی برای سەیفی قازیی وەزیری بەرگری کۆمار و ئامۆزای قازی محەمەد و سەدری قازی و دوکتۆر عەلی گەلاوێژ و دوکتۆر موراد و عەبدوڵڵای برای و محەمەد مەولود و دوکتۆر مستەفا شەڵماشی و دوکتۆر سولتان وەتەمیشی و ژمارەیەکی دیکەی کوردی کوردستان ڕۆژهەڵاتم لە نزیکەوە دەناسی و زوو زوو باسی کۆماری کوردستان و بەسەرهاتەکانیمان دەکرد و بەپێی توانا ئەو ڕووداوە مێژووییە گرنگەمان شی دەکردەوە.

١١- کاتێک پتر لە ساڵ و نیوێک لەسەر بەڵگەنامەی نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیدا لە تەک شەهلای هاوسەرمدا کارمان دەکرد گەلێک بە ئاسانی هەستمان بەوە کرد تاوەکو چ رادەیەک فەرمانڕەوایانی بەریتانیا بایەخیان بە کۆماری کوردستان داوە و دەیان و دەیان راپۆرتی نهێنییان بۆی تەرخان کردوە، ئەوەی بەختەوەرانە بابەتی حەوتەمی بەرگی یەکەمی کتێبەکەم «کورد و کوردستان لە بەڵگە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیادا»م بۆ بابەتی کۆماری کوردستان تەرخان کردوە کە بەم ناونیشانەوەیە: «هەڵهاتن و خێرا ئاوابوونی خۆری مەهاباد» (ل ٢٤٧-٣٤٤)، وێڕای ئەوەی چەند جارێکی دیکە لە هەمان بەرهەمدا ناوی ئەو کۆمارە هاتووە ( بڕوانە ئەم لاپەڕانە: ٧٨،٢٨٤، ٢٠٧، ٢١٣، ٢٤١، ٤٠٧، ٤١٤، ٤١٥، ٤٤٠، ٤٤٥، ٤٦٨، ٤٧٢، ٤٩٢، ٥٠٦، ٥٠٧، ٥٠٨، ٥١٨، ٥٤٦، ٥٤٧، ٥٥٠، ٥٥١، ٥٥٢، ٥٥٨، ٥٦٠، ٥٦١، ٥٦٢، ٥٦٣، ٥٧٠، ٥٧١، ٥٧٢، ٥٧٣، ٥٧٩).

هەڵبەت ناوی بارزانییش زوو زوو لەو بەڵگەنامانەداو لە سەرچاوە زۆرەکانی دیکەدا هاتووە چونکە بارزانی دایە پاڵ کۆماری کوردستان و لەوێ پلەی جەنەڕاڵیان پێداو تا وەکو کەوتنی کۆمار مایەوە و دوای ئەوە لە تەک بارزانییەکاندا لە چۆمی ئاراس پەڕییەوە بەری یەکیەتیی سۆڤیەت و تاوەکو بەرپا بوونی شۆڕشی چوارەمی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ نە خۆی و نە بارزانییەکان نەگەڕانەوە عێراق.

**لە کۆتاییشدا ڕێگەم بدەنێ بە دەستووری کوردەکانی ناوچەی قەوقاس بڵێم هەر خۆش بن، هەر گوڵ بن!!!**

**کەماڵ مەزهەر**

**هەولێر**

**ڕۆژی ٢٢ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١١**

# بێدەنگ بوون لە بەرانبەر ئێعدامی چالاکانی سیاسیی کورددا، کەمتەرخەمییە یا ترس؟

ئارام ئیبراهیم خاس

وەرگێڕان بۆ کوردی : تەها ڕەحیمی

**«بە جێی تووک کردنی تاریکی، مۆمێک داگیرسێنە». کۆنفۆسیوس**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دیسانیش پەنای بردەوە بەر پەتی سێدارەو تێدەکۆشێ بەم چەکە بێدەنگ بەڵام تۆقێنەرە، هێژمۆنی لەقیوی هەمیسان بەسەر کۆمەڵگەی وەزاڵە هاتووی کوردستان و ئێراندا زاڵ بکاتەوە.

لە کەشی ئەنگوستەچاوی سەرچاوەگرتوو لەم دەسەڵاتە دژەمرۆیی و نابەرپرسیارەدا ٦ چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ماوەی دووساڵی ڕابردوو دا گیانی خۆیان بۆ گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی بەخشیوە و ملیان بە پەتی سێدارە کراوەو ١٦ کەسی دیکەش چاوەڕوانی جێبەجێ کرانی حوکمی پڕ لە نادادپەروەریی ئێعدام دەکەن کە دەسەڵاتی بێدادی کۆماری ئیسلامی هەر لەبەر چالاکیی سیاسی و مەدەنی بەسەری دا سەپاندوون.

شک لەوەدا نییە کە ئەو حوکمانەی دەسەڵاتی بەناو قەزایی ڕێژیم خاوەن هیچ بنەماو بنەڕەتێکی حقووقی نین و سزایەکی رووتی سیاسییانەن کە بۆ ترساندن و تۆقاندنی کۆمەڵگەی کوردستان و بەتایبەت لاوان و بنەماڵەکانیان دەدرێن و دەیانەوێ بەمجۆرە حوکمانە هێمنایەتییەکی کاتی و فانتزی لە دژوارترین سەردەمی ژیانی سیاسیی ڕێژیم لە کوردستانی هەمیشە مەکۆی خەبات دا پێک بێنن. لەم هەلومەرجەدا بزووتنەوەی مەدەنیی کوردستان ڕووبەڕووی گێرەوکێشەیەکی بێ سنوور بۆتەوەو بێجگە لە حەماسەی شکۆداری بیست و سێیەمی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٨ کە تێکڕای پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، بە یەک دەنگ، مانگرتنێکی سەرانسەرییان لە ماکۆوە تا خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ خست، لە نارەزایەتییەکانی دیکەدا خۆپیشاندانەکان دژی ئەم ئێعدامانە تەنیا باشووری کوردستان، ئەمریکا، کانادا، ئوسترالیاو ئورووپای گرتۆتەوەو لە ئاستی نێوخۆیی دا بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەمیشە بە سیاسیترین بەشی ئێران دەژمێردرێ، جۆرێک بێدەنگیی لە بەرانبەر ئەم دۆخە گرتۆتەبەر کە بە هیچ جۆرێک ناتوانین لە خانەی «هێمنایەتیی چالاک» یا «بێدەنگیی ئەکتیڤ» پێناسە بکەین. لەم جۆرە هەلومەرجەدا هێندێک پرسیارمان لادروست دەبن کە: گەلۆ ئەمجۆرە بێدەنگییەی خەڵکی کوردستان، بێدەنگییەکی ناسیاسییانەی تێکەڵاوی کەمتەرخەمی و بێتەفاوەتیی سیاسییە؟ یا نا ئەم بێدەنگییە ئاکامی ترسی سەرچاوەگرتوو لە سیاسەتی سەرکوتی ڕەقئامێری ڕێژیمی ئاخوندییە لە هەمبەر خەڵکی کورددا؟ پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ کۆتایی هێنان بەم دۆخە خاوەن چ ڕۆڵێکن؟ کۆماری ئیسلامی بێ هیچ ترس و شەرمێک و بێ هیچ جۆرە دەروەست بوونێک بە هاووڵاتی و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، لاوانی کورد بە پەتی سێدارەوە هەڵداوەسێ، ڕێکاری ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم بابەتە، پێشگیری لە ئاسایی بوونی ئەم دیاردە دژمرۆییانە ـ لانی کەم لە کوردستان ـ چییە؟

بە سەرنجدان بە ڕابردووی خەباتی گەلی کورد و ئەو تێچووە مرۆییە زۆرەی لەم بەشەی ئێران لە ڕێگەی خەبات دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دراوەو هەمیشە پێشەنگی خەبات بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی و دابین کردنی مافی نەتەوە بێبەشەکانی ئێران بووە، بێ شک ناتوانین ئەم بێدەنگییەی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمان دا بە کەمتەرخەمی و بێتەفاوەتی سیاسی بزانین.

لە ڕاستیدا زاڵ کردنی کەشێکی پۆلیسی و ئەمنییەتی و بڕەودان بە کەشێکی بێ متمانەیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و بەهێز کردنی دامەزراوە سەرکوتکەرە ئەمنییەتی، ئیتلاعاتی و نیزامییەکان لەلایەن ڕێژیمەوە ماوەی ساڵەکانی ڕابردوو و گرژ کردنەوەی ئەم ڕەوتە لە کوردستان بۆتە هۆی ئەوەیکە جۆرێک خۆپاراستن و ترس بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بێ و چەشنێک دامرکانەوە باڵ بەسەر هەڵوێستی خەڵکی کورد دا بکێشێ کە تەنانەت لە چوارچێوەی «هەڵوێستی دژکردەوەیی» دا بە ڕادەیەکی زۆر لاواز خۆی بنوێنێ. لێرەدا نامەوێ بە شێوەی باوی فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی لە کۆڵ خۆمی بکەمەوەو لایەن و ڕەوتێکی پێ تاوانبار بکەم، بەڵام ئەوەی ڕاست بێ پێک هەڵنەکردن و کەمتەرخەمیی پارت و لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و کۆنەبوونەوە لە ژێر یەک چەترو پلاتفۆرمێکی سیاسیی هاوبەش دا تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر ئەم بابەتە هەبووە.

**بێدەنگی لە بەرانبەر ئیعدامی چالاکێکی سیاسی کورد بواری ئیعدامی چەندین کەسی دیکەش خۆشتر دەکا**

ئەگەر ئەم پارت و ڕێکخراوانە هاودەنگ و یەکگرتوو و هاوهەڵوێست بن لە بەرانبەر پرسێکی ئاوا گرینگ دا، بە دڵنیاییەوە ڕۆژژمێری خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ١٦ی پووشپەڕو ٢٣ی بانەمەڕی دیکەش تۆمار دەکا، بەم مەرجەی پارت و ڕەوتە کوردستانییەکان، خەڵک و کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلەکەیان لە پێشتر دانێن و بەرژەوەندی نەتەوەکەیان وەسەر بەرژەوەندی حیزبایەتی بخەن و لەم پێناوەدا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بەتایبەت ڕاگەیەنەکانیانەوە ڕۆشنگەری و ڕێکخستن بکەن. دەتوانین بە بڕەودان بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەباتی مەدەنی ـ کە جین شاپ زیاتر لە ٢٠٠ شێوە خەبات لە وڵاتانی دیکتاتۆری دا دەناسێنێ ـ ڕێکاری نوێ بۆ کڵپەی نارەزایەتییە پەنگ خواردووەکانی خەڵک بێنینە ئاراوە کە دەسەڵات لە جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی تووشی شکان بکاو ناچار بە پاشەکشەی بکا.

با چیدیکە کۆماری ئیسلامی ئەم جۆرە ڕووهەڵماڵدراوانە هەموو بنەماو پێوانەکانی مافی مرۆڤ و مافی نێونەتەوەیی ژێر پێ نەخاو ئەم هاوارە پتەوەو خۆڕاگرە لە کوردستانەوە بزرینگێتەوە کە یەکەم و دوایین مەتەرێزی خەباتە و ئێمە لە بەرانبەر ئێعدامی ڕۆڵە خەباتگێڕەکانمان دا چیتر بێدەنگ نابین.

هەروەها دەبێ ئەوەش بە تاک تاکی خەڵکی کورد بسەلمێنین کە بێدەنگی لە بەرانبەر ئێعدامی چالاکێکی سیاسی کورد بواری ئێعدامی چەندین کەسی دیکەش خۆشتر دەکا. بەڵام دژکردەوەی دروست و گرتنەبەری هەڵوێستی گونجاو لە بەرانبەر دەرکردن یا جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامێک، دەتوانێ گیانی زۆرێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی زیندانی و مەحکووم بە ئێعدام لە سێبەری نەگبەتی مردن ڕزگار بکا.

# مانگی ئێعدام و پێویستیی وڵامێکی شیاو

ڕەحمان سەلیمی

وەرگێڕان بۆ کوردی: سیروان مووساپوور

مانگێک لە دەسپێکی ساڵی ٢٠١١ی زایینی تێپەڕ بوو. دەسپێکێک کە تێیدا خەڵکی سەرانسەری جیهان، بەختەوەری و داهاتوویەکی باشتریان بۆ یەکتر بە ئاوات دەخواست و هیوادار بە ڕۆژانی باشتر و وەدیهاتنی خەونە وەدی نەهاتووەکان پێیان نایە ساڵی نوێ. بەڵام ئەم هیواو خەونانە لە شوێنە جیا جیاکانی جیهان بە تەواوی جیاواز بوو.

لەو بەشە لە جیهاندا کە نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان جێگیر بوون و یاسا و ڕێساگەلی ڕاشکاو و دیارو بێ پێچ و پەنا بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا حاکمە و لە گشت بیاڤە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان ڕەوتی سروشتی گەشە سەندنی مرۆیی دەپێون، غەمی نان، غەمی ئازادی و غەمی ژیان لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی دا، لە ئارا دانیە یان لە پلەی چەندەمی گرینگی دایە.

هاووڵاتیان بە گۆڕینەوەی دۆستایەتی و خۆشەویستی، خوازیاری خۆشحاڵی و بەختەوەری و شتە باشترەکان بۆ یەکتر بوون و خەون و خۆزگەی وەک عاشق، ژیانی باشتر، منداڵانی بەختەوەرو.. لە سەر زمان و لە نێو دڵەکاندا بوو.

هەڵبەت بیرهێنانەوەی ئەم خاڵە بە پێویست دەزانم کە مەبەستی من لە وەسف کردن و پێداهەڵگوتنی وەها جیهانێک، هەرگیز بە مانای نیشاندانی سیمایەکی بێ کەموکوڕی و بێبەری لە گیروگرفتە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان نیە بەڵکوو تەنها گەرەکمە جیاوازییەکان دەربخەم.

بەڵام لە لایەکەی تری جیهان، خەون و داخوازی و ئاواتەکان تەواو جیاواز بوو. لە کۆمەڵگا گەشە نەکردووی وەک ئێران، بایەخە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە وەها سست و لەرزۆکن کە دەتوانرێ بە کۆمەڵگەکانی «دەروون ئاڵۆز» ناو ببرێن کە شارۆمەندانیان لە دەست پێراگەیشتن بە پێداویستییە سەرەکییە مرۆییەکانی وەک نان، ئازادی، کەرامەتی ئینسانی و ئاسایشی گیانی و ماڵی و .. دەروون نەخۆشن و بۆنەکانی جەژن و خۆشیش ناتوانن هێوری بە دەردو ئازارەکانیان ببەخشن و تەنیا چەند ساتێک بە فەرامۆشییەکانیان زیاد دەکەن.

لە ئێراندا، باوکان خەونی ژیانێکی ئینسانی بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان لە سەردایە کە بریتییە لە نان و ئازادی و کەرامەتی ئینسانیی لە دەست چوو. لە بیرکردنەوەی ڕۆڵە خوێندکارەکانیان دەترسن کە نەوەکوو بەر ڕق و غەزەب بکەون. خەون و خۆزگەی دایکانی ئێرانی چاوپێکەوتنێکی چەند دەقیقەییە لەگەڵ کوڕو کچە گەنجەکانی ناو زیندان و لە پشت میلەکانی زیندانەوە.

خەونی چالاکان لە بەندی سیاسی و مەدەنی، گواستنەوەیان بۆ بەندە گشتییەکانی زیندان، ڕزگار بوون لە ئەشکەنجەخانەکانی ئیتلاعات و هەڕەشە نەکردن و نەترساندنی بنەماڵەکانیان و خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەشکەنجەی وەحشییانەی زیندانوانەکانە.

مانگێک لە دەسپێکی ساڵی ٢٠١١ تێپەڕی. مانگێک کە دەتوانرێ بە «مانگی ئێعدام» ناو ببرێ. لە ماوەی ئەم مانگەدا، زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هاووڵاتیانی ئێرانی بە تاوان و تۆمەتی جیاواز لە زیندانەکانی ئێراندا لە دار دران. بەشێک لەم ئێعدام کراوانە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد بوون کە بە تاوانگەلی وەک «محارب»، «مفسد فی الارض» و «ئەندامەتی لە گرووپە تێرۆریستیەکانی ئۆپۆزیسیۆن»! سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاو بڕیارەکەیان لەسەر جێبەجێ کراو لە هەڕەتی لاوێتی دا، بوونە قوربانیی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەو دژە ئازادیی کۆماری ئیسلامی. لە حاڵێکدا دەیان کەسی تر هەر بەو تۆمەتە بێ بنەمایانە مەحکووم و لە بێدادگاکانی ئینقلاب دا چاوەڕوانی جێبەجێ بوونی بڕیاری لە سێدارە دانەکەیان.

دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە حاڵێکدا دەستیان داوەتە ئەم شەپۆلە بەربڵاوە لە ئێعدام، کە لەلایەک لەلایەن بنیات و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانەوە لە ژێر گوشار دایە و لەلایەکی تر لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ساڵی ڕابردوو، مەشرووعیەتی خۆی لە مەترسی دادەبینێ و ڕێبەرانی ڕێژیم لە هەوڵی ئەوەدان بە بەکار هێنانی سیاسەتی توتالیتاریانەی سەرکوتی دژبەران و ڕەخنەگران لە ناوخۆدا و لە پێناوی دووبارە بە دەست هێنانەوەی شوناسی ئیدئۆلۆژیکی خۆیان، ئەم پەیامە بە گوێی دژبەرانی ناوخۆ و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بگەیەنن کە هەروا لەسەر بنەما دواکەوتوو و کۆنەپەرەستانەکانی شۆڕشی ٥٧ و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی سەرچاوەگرتوو لە خوێندنەوەی فاشیستانە لە ئیسلامی دوازدە ئیمامی پێداگرن و نە گوشارە نێونەتەوەییەکان و نە نارەزایەتییە نێوخۆییەکان کەمترین کاریگەرییان لەسەر بەرەوپێشبردنی ئەم سیاسەتانە داناوە.

**ئەستەمترین ڕێگای پایەداری و بەردەوام بوون و مانەوە لەسەر تەختی دەسەڵات، دەست بردن بۆ توندوتیژییە و تەنیا ئەو کاتە کە دەسەڵاتداران لە ڕێگاکانی کەم خەرجتر بۆ مانەوەی خۆیان نائومێد و بێ هیوا دەبن، پەنا بۆ وەها سیاسەتگەلێکی پڕتێچوو دەبەن**

مانگی ئێعدام لە کوردستاندا، نیشاندەری تووڕەیی ڕێژیم لە گەشەی سیاسیی کوردستان و بێزراوی کۆماری ئیسلامی لای خەڵکی کوردستان کە ڕابردوویەکی ٣٣ ساڵەی هەیە و تا ڕادەیەک لە بزووتنەوە و خەباتی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە ناوخۆ و دەرەوەی سنووری کوردستان سەرچاوەی گرتووە.

خەیاڵی دیکتاتۆڕەکان لە سیاسەتەکانی توندوتیژی تەوەر، جێگیرکردنی دەسەڵاتدارێتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەوانە کە دەتوانێ هێزو مانەوە بە بەردەوامیی دەسەڵاتەکەیان ببەخشن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە مێژوو شایەتی ئەوە دەدا کە ئەستەمترین ڕێگای پایەداری و بەردەوام بوون و مانەوە لەسەر تەختی دەسەڵات، دەست بردن بۆ توندوتیژییە و تەنیا ئەو کاتە کە دەسەڵاتداران لە ڕێگاکانی کەم خەرجتر بۆ مانەوەی خۆیان نائومێد و بێ هیوا دەبن، پەنا بۆ وەها سیاسەتگەلێکی پڕتێچوو دەبەن.

لە بەرەبەری دەیەی فەجر کە هەر ساڵ کۆماری ئیسلامی وەک دەیەی سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکی دا یادی لێ دەکاتەوەو پارە و سامانێکی زۆریش بۆ ڕێزگرتن لەو یادو بیرەوەرییە خەرج دەکا، با ئیرادە و هزرو بیرو تواناکانمان بکەینە یەک و دەیەی فەجر بکەینە دە ڕۆژخەبات و بەربەرەکانی لە دژی دەرکردن و جێبەجێکردنی بڕیاری ئێعدام و ڕزگارکردنی گیانی زیندانییە مەحکووم بە ئێعدام کراوەکان و سەرەنجام ڕیسواکردنی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی.

مانگی ئێعدام و بەدوای ئەویشدا دەیەی خەبات و بەربەرەکانی دژی ئێعدام، وەڵامێکی شیاوە بۆ کەشی ترس و خۆفی زاڵ بەسەر ئێران و بەتایبەت کوردستان. مێژووی ڕووداوە گەورەکانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە تێپەڕ بوون لەم قۆناخە، هەڵگری گەلێک دەردو ڕەنجی گەورەیە، کە بە کەڵک وەرگرتن لە گشت هێزو تواناییە مرۆیی و مادییەکان دەکرێ بە خۆڕاگری و یەکگرتوویی و ئیرادەیەکی بەهێز بەسەریدا سەرکەوین.

# ئامانجی دواڕۆژمان سۆسیالیزمی دێموکراتیک {نیە}!

**بەشی یەکەم**

ئاسۆی حەسەن زادە

ئێستا پاش تێپەڕینی سێ ساڵ بەسەر کۆنگرەی چاردە و لە بەرە بەری بەستنی کۆنگرەی پازدەدا ئەندامانی ئەو حیزبە بێباکن لەوە کە لە دیاریکردنی کەموکوڕی و گرێ و گۆڵی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی چاردە و لە گەڵاڵە کردنی ڕاشکاوانەی هەنگاوەکانی داهاتوودا بۆخۆیان دەستپێشخەر بن و بە بەرزەفڕییەکی پیرۆزەوە لاسایی ئەو حیزب و دەوڵەتە دێموکراتانەی جیهانی پێشکەوتوو بکەنەوە کە لەبەر چاوی مێدیای بێگانەکان لە خۆیان هەڵدەپێچن.

### سەرەتای پێداچوونەوە بە پێداچوونەوەکان

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆنگرەی چاردەی خۆیدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بەرچاوی لە بەرنامە و پێڕەوەکەیدا پێک هێنا. مێتۆدی کاریی هەڵبژێردراو لەلایەن هەیئەتی پێداچوونەوە بە بەرنامە و پێڕەو کە بریتی بوو لە نووسینەوەی سەرلەنوێی بەرنامە و پێڕەو هەر لە سەرەتاوە زەرفییەتە مەتنی و فەلسەفییەکانی گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی زیاد کردبوو. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە خەللاقییەتی ئەندامانی کۆنگرە زیاتر و باشتر خۆی وەدەرخا و ڕۆڵی وان لە دەنگدانێکی فەرمی و ڕواڵەتی بە مەتنێکی پاکەتی دا کورت نەبێتەوە.

کۆنگرەی چاردە بەتایبەتی لە کەناڵی نیوەرۆکی بەرنامە و پێڕەو و لەپێوەندی لەگەڵ ڕوومای سیاسی و دەزگای ڕێکخراوەیی حیزبدا زۆر شتی پێشووی لابرد و زۆر شتی تازەی هێنا. ئەگەر بەدوور لە دەمارگرژیی حیزبی داوەری لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕانە بکەین، دەبێ دان بەو ڕاستییە دابنێین کە ئەو ئاڵوگۆڕانە نە هەمووی سەتا سەت زەروور و نە هەمووشی سەتا سەت زیادی بوون. ئەگەر لەلایەک بە ڕاحەتی دەتوانین ئیدیعا بکەین کە بەشێک لەو ئاڵوگۆڕانە بەڕاستی وڵامدەری زەرووڕەتێکی ڕەوای کرداری لەو قۆناغە لە خەباتی گەلەکەماندا بوون، لەلایەکی دیکەوە هەق وایە ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە ڕەنگە بەشێک لە ئاڵوگۆڕەکان زۆرتر بەرهەمی مشت و مڕی گوتاریی کەشی پاش لەتبوون بوون (کەشێک کە دیارە لە پارامێترە بنەڕەتییەکانیدا بەداخەوە هێشتا گۆڕانێکی زۆری بەسەردا نەهاتووە).

هەر چۆنێک بێ بەڵام لە هەڵسەنگاندنی کۆتاییدا، حاشاهەڵنەگرە کە کۆنگرەی چاردە هەڵگری کۆمەڵێک دەسکەوت و بناخەدانەری هێندێک عادەتی تازە لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەییدا بوو کە دەبێ وەک دیاردەی زۆر باش و بەکەڵک لە ڕەوتی درێژخایەنی گەشەکردن و چوونەپێشی حیزبی دێموکڕاتی مێژوویی‌دا تۆمار بکرێن. بۆیە دەڵێم حیزبی دێموکڕاتی مێژوویی چونکە بە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەشەوە کە لە کۆنگرەی چاردەدا پێک هاتن، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جەوهەردا لەسەر ڕێڕەوی مێژوویی خۆی مایەوە و هۆوییەتی سیاسیی ئەو حیزبە بە هیچ جۆر مونقەلیب نەبوو.

جەخت کردن لەسەر ئەو ڕاستییە لەبەر ئەوە پێویستە کە ڕەنگە کەسانێک هەبن کە باوەڕیشیان بە ئاڵوگۆڕ هەبێ، بەڵام بەپێڕەوی لەو ڕێفلێکسە ڕۆژهەڵاتییە لە کاری سیاسی‌دا کە پێداچوونەوە بە هەر شتێکی ڕابردوو بە نیشانەی دەست بەردان لە هەموو ئەو ڕابردوویە و خۆ فڕێدانە نێو داهاتوویەکی ناڕوون و قفڵکراو دەزانن، بە مەبەستی خۆ بواردن لە هەڵسەنگێندراوترین ریسکیش لایان ئاسانتر و بێ دەردی سەرترە کە حیزبێک کە تەواوی ڕابردووەکەی تەعبیر لە ئامادەیی ئەو حیزبە بۆ خۆ گۆڕین و خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخ دەکا، لە قالبێکی چەقبەستوودا قەتیس بهێڵنەوە.بەپێچەوانەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، یەکێک لە خاڵە پڕشنگدارەکانی ئاکامەکانی کۆنگرەی چاردە ڕاست ئەوە بوو کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای پەسند کردن یان پەسند کردنەوەی بەرنامەیەکی تۆکمە و ئاقارێکی ڕوونی سیاسی، لەوە نەترسا کە بۆ زۆر پرس و لە زۆر بواردا خۆی بکات بە لابۆراتواری ڕیفۆرم لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی‌دا، شتێک کە بەبێشک قازانجی ئاکامەکانی بە زۆر لە ئەولاتر لە بازنەی سنووورداری حیزبەکە دەگەیشت. هەر بۆیەشە

**به هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەشەوە کە لە کۆنگرەی چاردەدا پێک هاتن، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جەوهەردا لەسەر ڕێڕەوی مێژوویی خۆی مایەوە و هۆوییەتی سیاسیی ئەو حیزبە بە هیچ جۆر مونقەلیب نەبوو.**

ڕەنگە هێندێک شت (بەتایبەتی لەبواری ڕێکخراوەیی‌دا) لە کۆنگرەی چاردەدا بڕیاریان لەسەر درابێ کە لە جەوهەردا شتی باش بوون، بەڵام لە کردەوە و لەکاتی پێوەندانەوەیان بە شتەکانی دیکەدا دەرکەوتبێ کە جێبەجێکردنیان بەزەحمەت و تەنانەت بەزیانە. ئەزموونی سێ چوار ساڵی ڕابردوو دەقیقەن ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی کۆنگرەی پازدە کە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسەت و تێکۆشاندا خاڵی نێوەڕاست لەنێوان تیئۆری و کردەوەدا، لەنێوان بایەخە بنەڕەتییەکان و مانۆڕە سیاسییەکاندا، لەنێوان ئاوەڵا بوونەوە و بەحیزب مانەوەدا، لەنێوان موشارکەتی دێموکراتیک و ئینسجامی تەشکیلاتی‌دا، لەنێوان مافی ئەندام و ئەرکی ئەندامدا، لەنێوان سەڵاحییەت و بەرپرسیارێتیدا، و ... هتد دا بدۆزێتەوە. دیارە ڕەنگە هێندێک شتیشمان بووبن کە ئەگەر لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچووبن لەبەر ئەوە نەبووە کە جێبەجێکردنیان عەمەلی نەبووبێ، بەڵکوو بەهۆی پێشداوەری لەسەر ئاکامەکانی جێبەجێکردنیان (پێشداوەرییەک کە جاری وابووە تەنیا و تەنیا لەژێر کاریگەریی شەڕی ڕەوانیی دەرەکی‌دا بووە) هەوڵێک بۆ جێبەجێکردنیان نەدراوە.

### کۆنتێکستی پێداچوونەوە بە ئامانجی دواڕۆژدا

هەروەک گوترا جیا لە هێندێک شت کە ڕەنگە شیاوی پێداچوونەوەی سەرلەنوێ بن، کۆنگرەی چاردە کۆمەڵێک دەسکەوتی بەنرخی هەبوو کە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی دروستیان بۆ بکرێ نابێ لە گۆشەنیگای بەرتەسکی مشت و مڕ و ململانێ کاتییەکانەوە چاویان لێ بکرێ، بەڵکوو دەبێ لە خانەی پرۆسەی بەردەوام و درێژخایەنی کاری سیاسی لە وڵاتەکەمان و لەنێو میللەتەکەماندا دابنرێن. دەتوانین ئەو دەسکەوتانە کە پاراستن و قووڵکردنەوەیان یەک لە ئەرکەکانی کۆنگرەی داهاتوو و کۆنگرەکانی داهاتووی حیزب دەبێ بەسەر دوو بواری سەرەکی‌دا دابەش بکەین :

بواری یەکەم پوخت کردنەوەی وتاری نەتەوایەتی‌یە کە بەپێچەوانەی تەبلیغاتێکی دەرەکی کە هێندێک کەس و لایەن هەر دوای لەتبوون و بەتایبەت پاش تەواو بوونی کۆنگرە بەدژییان وەڕێخست، بە هیچ جۆر بە مانای لە مەدار دەرچوونێکی سیاسی نەبوو. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان – وێڕای هەوڵدان بۆ گرینگیدان و لەبەرچاوگرتنی شیاوتری ڕووحی نەتەوەییی هاوبەشی هەموو کورد و حەساسییەتی میللیی ئەمڕۆ بەرزتری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- هەروا لە چوارچێوەی ئێراندا بۆ چارەسەری پرسی کورد خەبات دەکا. بەڵام لەو باوەڕەدایە کە بە ئێرانی کردنی مەسەلەی کورد (واتە ئەوە کە پرسی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بکرێتە مەسەلەیەکی گەورەی ساختاری و پەرێز هەڵنەگر بۆ نوخبەی سەراسەری) لەلایەک و بەهێزکردنی وتاری نەتەوایەتی (بەتایبەتی لە ڕێگەی خیتابێکی هۆویەت تەڵەبانەی کەمتر شەرمێونانە و گەڕانەوە بۆ بێشکەی مێژوویی فەلسەفەی وجوودیی ئەو حیزبە) لەلایەکی دیکەوە، دەبێ بە شێوەیەکی هاوکات و هاوشان بڕۆنە پێش و هەر کامێکیان خزمەت بەوی دیکە دەکا.

ئەگەر بواری یەکەم زۆرتر ستراتژی و ئامانجەکان دەگرێتەوە، بواری دووهەم پێوەندیی بە ڕێکار و ئامرازەکانی گەیشتن بەو ستراتژی و ئامانجانەوە هەیە. پاش کۆنگرەی چاردە زۆر جار ئەو بوارەی دووهەم بە «دێموکراتیزەتر کردنی « ستروکتور و کارکردی حیزب ناو دەبرا. ناکرێ بڵێین کە حیزبی دێموکڕات بە درێژایی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی خۆی لە کێشەی دێموکراسیی دەروونحیزبی بێبەری بووە. بەڵام ئەگەر تەنیا بۆخۆپاراستن لەو مەترسییەش بێ کە ئەو جۆرە ناوهێنانەی بواری دووهەمی دەسکەوتەکانی کۆنگرەی چاردە وا لێک بدرێتەوە کە پێمان بڵێن کەوابوو حیزبەکەتان بەو ڕابردووە دەوڵەمەندە لە تەمرینی دێموکراسی بەتایبەتی لەژێر کاریگەریی ڕێبەرانی شەهیدی‌دا دێموکراتیک نەبووە (ئیستنتاجێک کە بێگومان ناڕەوا دەبێ)، لەو باوەڕەدام کە پێویستە ئەو بوارەی دووهەم بە چەشنێکی دیکە ناوزەد بکرێ کە بریتی‌یە لە «فراوان کردنەوەی ئەقڵییەتی سیاسی و ڕێکخراوەیی» و هەمان جێبەجێکردنی بەکردەوەی ئیدئالی دێموکراسی دەگرێتەوە بەڵام لە سۆنگەیەکی شموولیتر و بە پێناسەیەکی واقیعبینانەترەوە.

فراوان کردنەوەی ئەقڵییەتی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەو مانایەیە کە ئەم حیزبە هەم لە دەروونی خۆی‌دا بە تەحەمول و سینگفراوانییەکی زۆرترەوە لەگەڵ مافی تاکەکان و دیاردەی فرەچەشنی مامەڵە دەکا، هەم لە دەرەوەی خۆی‌دا و لە ئاستی سیاسەتی کەلاندا بە دوور لە دۆگماتیزم و دەمارگرژی بۆ پێوەندیی نێوان خۆی و کۆمەڵگا وەیان پێوەندیی نێوان خۆی و لایەنەکانی دیکەی بزوتنەوە و هەروەها بۆ شێوازەکانی خەبات و تاکتیکەکانی ڕۆژ دەڕوانێ.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر بواری یەکەم واتە پوخت کردنەوەی وتاری نەتەوایەتی، ئەو دەسکەوتە لە کۆنگرەی چاردەی حیزبدا دەیتوانی لە دوو ڕێگاوە کە تەواوکەری یەکتر بوون بێتە دی : ڕێگای یەکەم بریتی بوو لە پێداگرییەکی ڕوونتر و قایمتر لەسەر بنەمای نەتەوایەتیی پێناسەی سیاسیی کورد لە ئێران بەتایبەت بە سڵ نەکردنەوە لە زیندووکردنەوەی هێندێک چەمکی مێژوویی وەک کۆماری کوردستان؛ ڕێگای دووهەمیش بریتی بوو یان باشتر وایە بڵێین بریتی دەبوو لە هەڵوەژاردنێکی بێ پەردەی کاریگەریی پێوەندیی خەباتی چینایەتی و خەباتی نەتەوایەتی لەسەر هۆویەتی سیاسیی حیزبی دێموکڕات.

٧٨سەرەڕای زۆر باس و خواس لەو پێوەندی‌یەدا، لە کۆنگرەی چاردەدا دەرفەتی جێبەجێ کردنی ڕێکاری دووهەم لە کیس درا. لەو بارەیەوە لە جیاتی ئەوەی سەرنج بدرێتە مەسەلەی ئەسڵی کە بریتی بوو لەوە کە ئایا ئەساسەن سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە بەرنامەی سیاسیی حیزبێکی ناسیۆنال-دێموکراتی چالاک لە سەردەمی پۆست-سۆسیالیزم دا دەبێ چ جێگایەکی هەبێ، مەسەلەکە تەنیا لە گۆشەنیگای پرسی بەباوەڕی من لاوەکیتری ئینسجامی دەروونیی ڕوانینی حیزب بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیکەوە چاو لێ کرا و پێناسەیەکی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک پەسند کرا، پێناسەیەک کە تازە لە ناوەکەی بەولاوە شتێکی لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک نەهێشتبۆوە.

---

# بەرەو کۆنگرەی پازدەو ئاوڕێک لەکۆنگرەی چاردە

**بەشی یەکەم**

مستەفا شڵماشی

بەرەبەرە لە کۆنگرەی پانزدەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نیزیک دەبینەوە. خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەو لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو کەم و کووڕیانەو سەرکەوتنانەی کەلەدوای کۆنگرەی چاردەوەتا ئەمڕۆ، حیزبەکەمان لەگەڵیان ڕووبەڕوو بووە، دەتوانێ زۆر بەکەڵک بی لەپرۆسەی خەباتی داهاتومان دا. هەر بۆیەبەپێویستی دەزانم هەم خاڵەبەهیز و لاوازەکانی کۆنگرەی چاردەهەڵسەنگینم و هەم ئەو بڕیارەگرنگانەی کە لە کۆنگرەی پازدەدا دەبێ بدرێن و ئەولەوییەتیان هەیە بێنمەبەر باس.

بەبێ ئەوەی بم هەوێ لەڕادەی خۆی زیاتر گرنگی بدەم بەبڕیارەکانی کۆنگرەی چاردە، بەباوەڕی من لەوکۆنگرەیەدا حدک زۆر پرسیاری گرنگی وەڵام دانەوە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ داهاتووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی نەتەوەیی بە گشتی هەبوو.

بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە با چاوێک بە پێڕەو و پرۆگرامی پەسندکراو لە کۆنگرەی چاردە دا بخشێنین. هە ر لە سەرەتای پەیڕەو و پرۆگرام دا هێندێک پرسی مێژووی نەتەوایەتیمان ڕوون کراونەوە. پێشەکیی بەرنامە و پێڕەو بە گۆشەنیگایەکی تەواو نەتەوەیی نووسراوەو لە وێ دا تێڕوانینی کوردستانی زاڵە بەسەر تێڕوانینی ئێرانی دا. پێشە کی دەست پێ دەکا بە ڕستەی «ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دا، ئەو ئیمکانەی بە کورد نەدا تا ئەو نەتەوە دێرینەی ناوچەکەش ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ»

ئەو ڕستەیە لە ڕاستی دا گەلێک مەسەلەی پەیوەندیدار بە پرسی نەتەوەیی کورد بە گشتی و پرسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ڕوون دەکاتەوە. یەکەم ئەوەی کە کوردیش لە ناوچەکەدا (کە مەبەستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە) یەکێک لە دێرینەترین نەتەوەکان بووەو دەبوو ئەویش لە پێکهێنانی دەوڵەت-

**یه کێک لە خاڵە بەهێزەکانی پێشەکی بەرنامە و پێڕەوی پەسند کراو لە کۆنگرەی چاردەش دا هەر ئەوەیە. هەر وەکوو چۆن ئەرکی حیزب کراوەتە خەباتی نەتەوەیی، پێناسەی مەسەلەکەش بە شێوەیەکی نەتەوەیی کراوە**

نەتەوەی خۆی بەهرەمەند بوایە و مافی خۆی بوو کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێک هێنابایە. دووەم ئەوەی کە ڕەوتەکە ئیمکانی بە کورد نەداوە تا کەڵک لەو مافە ڕەوایەی خۆی وەربگرێ و ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی، چونکە بە ناڕەوا ئەو دەرفەتە لەلایەن دەستێکی دەرەکییەوە لە کورد زەوت کراوە. سێهەم ئەوەی کە ئەو دەوڵەتانەی لە ناوچەدا بە ناوی دەوڵەت-نەتەوە پێکهاتوون، پێناسەکەیان هەڵەیە و لە ڕاستی دا دەوڵەتی هەموو پێکهاتەی قەوارە سیاسیەکە نین، بەڵکو لەلایەن یەک بەش لە دانیشتووانەوە هەوڵ دراوە وەک دەوڵەت-نەتەوە قاڵب بکرێن. بەتایبەت ئەو وەڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی، لە نێو پێکهاتەی دەوڵەت دا هەوڵ دراوە لایەنی کوردبوونەکە بتوێنرێتەوە.

کورتەی باسی پێشەکی بەرنامە و پێڕەو ی حیزب ئەوەیە کە مەسەلەی کورد لە ئێران دا، مەسەلەی نەتەوەیی یە. هەرچەندە تاکی کورد ڕەنگە زۆر کەم و کووڕی و پێداویستیی دیکەشی هەبێ ولە ڕێگای خەباتی سینفی یەوە داوای مافەکانی خۆی وەک تاکیش بکا، بەڵام کاتێک دێتە سەر خەباتی دەستەجەمعی و حیزبایەتی، تێکۆشانەکەی لە پێناوی چارەسەرکردنی مە سەلەی نەتەوەیی دایە. دیارە هەم لە پێشەکی دا و هەم لە بەندە جیاجیاکانی پێڕەو پرۆگرامیش دا ئە ومەسەلەیە بەڕوونی دەستنیشان کراوە و زۆر پێویست بە شی کردنەوە ناکا. یە کێک لە خاڵە بەهێزەکانی پێشەکی بەرنامە و پێڕەوی پەسند کراو لە کۆنگرەی چاردەش دا هەر ئەوەیە. هەر وەکوو چۆن ئەرکی حیزب کراوەتە خەباتی نەتەوەیی، پێناسەی مەسەلەکەش بە شێوەیەکی نەتەوەیی کراوە. پێشەکی خۆی بواردوە لەوەی کە تەنیا گرنگی بدا بە باری مێژوویی خەباتی حیزب و گێڕانەوەی ڕووداوەکان، بەڵکوو خۆی خەریک کردووە بە ناساندن و هەڵسەنگاندنی جەوهەری مەسەلەکەوەو بە بێ گوێدان بەو تۆمەتانەی کە نەیارانی نەتەوەییمان لێمان دەدەن، واقیعبینانە باسی گرفتەکەی کردوە.

میکانیزمی جێ بەجێ کردنی ئەو مافەش بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی. بە واتایەکی دیکە، مافی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا حەقێکی حاشا هەڵنەگرە و نیوەرۆکی بەرنامەی حیزبیش ڕەنگدانەوەی ئەو مافەیە و بۆ دابین کردنی ویستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان داڕێژراوە. کەوابوو مەڕجەع بۆ دیاری کردنی سنووری ئەو مافە خەڵکی کوردستان خۆیەتی. ئەو بۆچوونە ڕاست لەگەڵ گەشە کردنی هەستی نەتەوەیی لە

ل ٩

# لە سێدارەدان: ڕێگەچارەی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆماری ئیسلامی دا

ڕەزا تەقی زادە

وەرگێڕانی: حەسەن شێخانی

کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە وەک ڕێگەچارەیەکی خێرا بە مەبەستی زاڵ بوون بە سەر قەیرانەکانی دا کەڵکی لە ئێعدام وەرگرتووە. دەوڵەتی ئێران لە جیاتی بنبڕکردنی دیاردەی هەژاری کە زەمینە خۆشکەری سەرەکییە بۆ ڕوو کردن لە ماددە هۆشبەرەکان، ڕووی کردۆتە لە نێو بردنی توشبووان و کڕیار و فرۆشیارەکانی ئەم ماددانە.

لە دوای ئێعدامەکانی ئەم دواییانە، ئاماری کۆڕو ئەنجوومەنە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ کە دەربڕی هەر هەشت کاتژمێر یەک ئێعدام لە ئێران لە ماوەی ساڵی ٢٠١١دا بوو، گەیشتە هەر شەش کاتژمێر یەک ئێعدام. خێراتر بوونی لە ڕادەبەدەری ماشێنی ئێعدام لە ئێراندا، نیشانەی زیاتربوونی دژوارییەکانی کۆماری ئیسلامییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دا.

لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە، پەنا بردن بۆ ئێعدام وەک ڕێگەچارەیەکی خێرا بە مەبەستی زاڵ بوون بەسەر قەیرانەکان دا، کەڵکی لێ وەرگیراوە. کێشەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکاری دا، جێگیر بوونی دەسەڵات و پووچەڵ کردنەوەی مەترسیی خۆڕاگریی دژبەرانی سیاسی بوو.

مۆسیقای ڕۆژی کۆماری ئیسلامی تا چەند ساڵ، ئەو سروودانە بوو کە هەموو ڕۆژێ لە دوای هەواڵی لە سێدارەدانی گرووپێکی نوێ لە گیراوەکان، بە تۆمەتی «شەڕ لەگەڵ خوا» و یان «مفسد فی‌الارض» بوون، لە ڕادیۆ و تەلەویزیۆن بڵاو دەکرانەوە.

لە سێدارەدانی بەربڵاوی کەسانی سەر بە ڕێژیمی پاشایەتی و ئەفسەرانی ئەرتەش لە سەرەتای شۆڕش دا و، دواتر ئێعدامی فڕۆکەوانەکان پاش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی کودیتای نوژە، لە سێدارەدانی دژبەرانی خۆیی و لەنێوبردنی گرووپی فورقان و، گرووپی سەر بە مێهدی هاشمی برازاواکەی ئایەتوڵڵا مونتەزێری، لە سێدارەدانی ئەندامانی حیزبی توده و چریکە فیدائییەکان تا بەر لە ساڵی ٦٣ و، دوای ئەومەش ئێعدامەکانی بەربڵاوی موجاهیدینی خەڵک لە ماوەی ساڵی ٦٣ دا لە لایەن لاجەوەردی لە زیندان دا و، ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧دا، ئێعدامی کوردەکان کە لە سەرەتای شۆڕشەوە درێژەی هەیە، قەتڵە زنجیرەییەکان لە لایەن مۆرە ئیتلاعاتییەکانەوە کە ژمارەیان لە سەد قوربانی تێپەڕی، لە نموونەکانی پەنابردن بۆ ئێعدام لە کۆماری ئیسلامی دان وەک ڕێگەچارەیەکی خێرا، کەم تێچوو و تەقلیدی.

### دەوڵەتی دەیەم

پەنا بردن بۆ ئێعدام بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان لە کۆماری ئیسلامی دا هەمیشە دیاردەیەکی باو بووە و تەنانەت لە سەردەمی هەشت ساڵەی سەرکۆماری محەممەدی خاتەمیش دا کە ڕێژیم ژێستێکی مرۆیی تری بە خۆیەوە گرت و بەتایبەت پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئێران هێورتر بووە، هەروا درێژەی هەبوو.

ئەگەرچی قەتلە زنجیرەییەکان لە سەردەمی سەرکۆماری هاشمی ڕەفسەنجانییەوە دەستیان پێکرد بەڵام لە سەردەمی خاتەمیش دا درێژەیان هەبوو.

لە دەوڵەتی دەیەم دا و، بەتایبەت لە دوای سەرکووتی بزووتنەوەی سەوز، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسە نێوخۆیەکان، شێوەیەکی توندوتیژتری بە خۆیەوە گرت. هەنووکە دەستی قورس و «ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی» لەگەڵ کێشە نێوخۆییەکان کە لەوانەیە یەکێک لە نیشانەکانی زیاتربوونی پشکی نیزامییەکان لە سیستمی بڕیاردان دابێ، لە ڕەواڵی کاری ڕۆژانەی دەوڵەت و لە تەواوی بەشەکاندا بە زەقی بەرچاو دەکەوێ.

سیاسەتەکانی جێبەجێکاری دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگەو سیستم، لە جیاتی دۆزینەوەی ڕێگەچارە، کە پڕتێچوویە و کاتی دەوێ، بۆ لەنێو بردنی ڕواڵەتی پرسەکان، بە شێوەیەکی خێراو هاوکات، چڕ بۆتەوە.

بۆ نموونە ئەگەر کێشەی ڕۆژانە لە شارە گەورەکان دا قورسایی ترافیک بێ، لە جیاتی دروست کردنی ڕێگەوبان و پردی زۆرتر و، زیادکردنی پۆتانسییەلی سیستمی هاتووچۆ و پەرەپێدانی میترۆ، ڕۆژێک نا ڕۆژێک ئۆتۆمبێلە تایبەتییەکان ئیجازەی هاتووچۆیان پێ نادرێ. بە نەهاتنی ئۆتۆمبێلەکان بۆ شەقام، دیارە کە کێشەی ترافیک کەم دەبێتەوە، ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لە ماڵەوەش هەرزانتر لە دروست کردنی پرد و ڕێگەوبان و میترۆ تەواو دەبێ.

بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ چەپەڵی هەوا، ڕاگەیاندنی پشووی گشتی و بە زۆری لە ماڵەوە هێشتنەوەی خەڵک، ڕێگەچارەی خێرای دەوڵەتە. لەم بارەشەوە دەوڵەتی هەنووکەیی ئێران تەنانەت بەر لە دەرکردنی بڕیاری کەم کردنەوەی کاتژمێرێک لە کاری ڕۆژانەی ئیدارەکان، ڕیکۆردی ڕاگەیاندنی پشووە گشتییەکانی لە جیهاندا هەبوو.

دەوڵەتی هەنووکەیی ئێران، سەرەڕای هەبوونی قەبارەیەکی بێ پێشینەی داهاتی ئەرزیی سەرچاوەگرتوو لە چوونە سەری نرخی نەوت لە جیهاندا، وێڕای هەبوونی کەمترین ڕادەی گەشەی ئابووریی ساڵانە بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتەکانی بەر لە خۆی، لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی جۆراوجۆری دیکە بەرەوڕوویە.

### ماددە هۆشبەرەکان

ماددە هۆشبەرەکان و پۆتانسییەلی هەنووکەیی گرتووخانەکان بە کێشە قەیراناوییەکانی دەوڵەتی دەیەم دەژمێردرێن. هێندێک لە ئامارە نارەسمییەکان باس لەوە دەکەن ٧ تا ١٠ میلیۆن تووشبوو و بەکاربەری ماددە هۆشبەرەکان لە ئێراندا هەیە.

دیارە ئەم کێشەیە زۆرێک لە وڵاتانی دیکەی جیهانیش لەگەڵی بەرەوڕوون. بەم جیاوازییە کە ڕێگەچارەی وڵاتانی پێشکەوتووی ئورووپایی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کێشەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، پەروەردەکردنی تووشبوان، دەرمان، دابەشکردنی دەرمانی بەخۆڕایی و، ئازاد کردنی هێندێک لەو ماددە هۆشبەرانەیە کە مەترسییان کەمترە، بە مەبەستی کۆنترۆڵی باشتری بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی ماددە مەترسیدارەکان.

لە ئێراندا، ڕێگەچارەی هەڵبژێردراوی دەوڵەت بۆ چارەسەری کێشەی ماددە سڕکەرەکان، زیادکردنی سەختگیرییەکانە لە توندوتیژترین فۆرمی مومکین دا.

لە ئێرانی ئیسلامی دا لە جیاتی بنبڕ کردنی دیاردەی هەژاری، کە زەمینەخۆشکەری سەرەکییە بۆ ڕووتێکرد. لە بازرگانی، فرۆشتن و تووشبوون بە ماددە سڕکەرەکان، تووشبووان و کڕیار و فرۆشیارەکان لەنێو دەبرێن.

### گرتووخانەکان

بێگومان ناردنی دەیان هەزار فرۆشیاری ماددە هۆشبەرەکان بۆ گرتووخانەکان، کێشەیەکە ئەگەر سەرنجی نەدرێتێ ساڵ لە دوای ساڵ دژوارتر دەبێ.

لەم ساڵانەی دواییدا و لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر، لەوانە قووڵتربوونەوەی کەلێنی نێوان هەژار و دەوڵەمەند بە خێراییەکی زیاتر لە پێشوو و لە ئاکامدا چوونە سەری ڕادەی هەژاری، کێشەی تووشبوون بە ماددە سڕکەرەکان زیاتر لە پێشوو پەرەی سەندوە.

پێ بە پێی ئەم ڕێژەیەش، ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەر ماددە هۆشبەرەکان گیراون زیادی کردوە. لە سەرەتای ساڵی نوێی زایینییەوە، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کێشەی جێگە لە زیندانەکاندا، لەنێوبردنی گیراوەکان و پێکهێنانی ترس و خۆف بە مەبەستی پێشگرتن لە سووچکردن، بۆتە سیاسەتی ڕۆژی سیستم و دەوڵەت.

لە سەرەتای ئەمساڵدا دەوڵەت سیمینارێکی لە ژێر ناوی «جێژنی سەرتاسەری سەرۆک پۆلیسەکانی ماددە سڕکەرەکان» پێکهێنا. لەم جێژنەدا ئیسماعیل ئەحمەدی موقەددەم فەرماندەی هێزە ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەوە پێداگری کرد کە پۆتانسییەلی هەنووکەیی گرتووخانەکان وەڵامدەری پێویستییەکانی ڕۆژی وڵات نییە.

هەر لەو جێژنەدا ناوبراو وەبیری هێنایەوە کە «هەل و مەرجی ئەمنییەت لە ساڵەکانی داهاتوودا دژوارتر دەبێ و ماددە سڕکەرەکان یەکێک لە فاکتەرەکانی قەیرانن». ئەو وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم بۆچوونە کە «لەمەڕ ماددە هۆشبەرەکان لە باشترین هەل و مەرج دا، دۆخەکە لەمە باشتر نابێ»، ئاماژەی بەوەش کرد کە بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی دۆخەکە، لە ڕێگەچارەی نوێ کەڵک وەردەگیرێ.

ڕێگەچارەی نوێی جێی سەرنجی ئەحمەدی موقەددەم، جێبەجێ کردنی توندوتیژی یاسای «چاکسازیی سزادانی تاوانبارانی ماددە سڕکەرەکان» بوو. بە پێی ئەم چاکسازییە نوێیە، هەر کەس تا ٣٠ گەڕەم ماددەی سڕکەری لای خۆی ڕاگرتبێ، بە ئێعدام مەحکووم دەکرێ.

هەر لەم سمینارەدا کە خاڵی دەستپێکی سیاسەتی نوێی چۆڵ کردنی گرتووخانەکان و لە سێدارەدانی تووشبووان و فرۆشیارانی ماددە سڕکەرەکان بوو، ئیبراهیم ڕەئیسی، جێگری یەکەمی سەرۆکی دەسەڵاتی قەزایی کۆماری ئیسلامی، باسی لە پەلە کردن لە دەرکردنی حوکمی دادگاکان و جێبەجێ کردنی خێرای حوکمەکان کرد.

### شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان

لە مەودایەکی کەمی پاش کۆتایی هاتنی ئەو سمینارە کە ئامانجی سەرەکیی، هاوئاهەنگ کردنی سیاسەتە نوێیکانی سیستم لەمەڕ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خێرا و توندوتێژئاسا و دوورخەرەوە لەگەڵ کێشەی ماددە سڕکەرەکان لە وڵاتدا بوو، کەڵک وەرگرتنی بەربڵاو لە ئێعدام وەک ڕێگەچارەیەکی دەس‌بەجێ لە شارەکاندا خێراییەکی زۆرتری بە خۆیەوە گرت.

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوو و لە درێژەی چەندین قۆناغی ئێعدامی بە کۆمەڵ لە شارە جۆراوجۆرەکاندا، زیاتر لە ١٠٠ کەس لە سێدارە دراون. ئەگەرچی دەوڵەت ئێعدام کراوەکانی وەک خراپکار و قاچاغچی لە قەڵەم دا، بەڵام لە نێو ئێعدام کراوەکاندا ناوی حوسێن خزری کە چالاکێکی سیاسیی کورد بوو، دەبینرێ.

حەوتوو یەک بەر لە وەڕێکەوتنی شەپۆلی تازەی ئێعدامەکان، عەلی سارمی بە تۆمەتی جاسووسی بۆ ئیسرائیل و عەلی ئەکبەر سیادەت بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک ئێعدام کرابوون.

شەپۆلی تازەی ئێعدامەکان لە ئێران هاوکات لەگەڵ جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئامانجدار کردنی سوبسیدەکان دەستی پێکرد. جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە هاوکات بوو لەگەڵ چوونەسەری نرخی کاڵا سەرەکییەکان لە تونیس و ئەلجەزایر و چەند وڵاتی دیکەی موسڵمانی ناوچەکە وەک بەحرەین و کوەیت. ئێران بە مەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە پشێوییەکی شیمانەکراوی سەرچاوەگرتوو لە چوونەسەری نرخەکان و، ئەگەری سەرهەڵدانی بزووتنەوەگەلێکی ئێعترازی وەک تونیس کە هەر لەو کاتەوە دەستی پێکردبوو، وێڕای جێگیرکردنی پۆلیس و هێزەکانی دژی شۆڕش لە ناوەندە هەستیارەکانی شارە گەورەکان دا، جێبەجێ کردنی پرۆژەی توندکردنی سزای قاچاغچییەکانی ماددە سڕکەرەکانی لەگەڵ جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئامانجدار کردنی سوبسیدەکان هاوکات کرد.

دەوڵەتی تونیس لە ئاکامی فشارەکانی خەڵک دا ڕووخا، دەوڵەتی کوەیت بە مەبەستی پێشگرتن لە سەرهەڵدانی پشێویی نێوخۆیی، پرۆژەی پێدانی تا ٣٥٠٠ دۆلاری بە هەر کوەیتییەک خستە بواری جێبەجێ کردنەوە.

دەوڵەتی ئێران بە هەڵبژاردنی ڕێگەیەکی جیاواز، زیاتر لە ١٠٠ کەسی ناردە پای سێدارە. کۆمەڵگەی جیهانی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ نیگەرانی ئەوەن کە شەپۆلی تازەی ئێعدامەکان لە ئێراندا زیاتر لەمەش پەرەبستێنێ.

سەرچاوە: ئەم وتارە لە سایتی ڕادیۆ نێونەتەوەیی فەرانسە وەرگیراوە.

**خێراتر بوونی لە ڕادەبەدەری ماشێنی ئێعدام لە ئێراندا، نیشانەی زیاتربوونی دژوارییەکانی کۆماری ئیسلامییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دا**

---

درێژەی:

## بەرەو کۆنگرەی پازدەو ئاوڕێک لەکۆنگرەی چاردە

سەراسەری کوردستان دا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە تایبەتی یەک دەگرێتەوە. «مەسەلەی نەتەوایەتی کورد تەنیا کاتێک بەتەواوی چارەسەر دەکرێ کە ڕەوتیی سرووشتیی خۆی ببڕێ و ویستی داخوازانەی نەتەوەی کورد بکا بە بنچینە»

مەسەلەیەکی دیکەی کە پێشەکی بەرنامەو پێڕەو ڕوونی دەکاتەوە ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، حیزبێکی نەتەوەیی دێموکڕاتە و ستراتیژی ئەویش وەدیهێنانی مافی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد لەو بەشە لەکوردستان دایە کە لێی دامەزراوە و کاری بۆ دەکا. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان حیزبێک نییە کە تەنیا بۆ بەشداری لە دەسەڵات دا دامەزرابێ. دیارە لە چوارچێوەی ئێران و لە کوردستانیش دا هەوڵەکە بۆ ئەوەیە کە وەک ئامڕازێکی نەتەوەیی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی کوردی دا بێتە مەیدان و چ لە بەڕێوەبردنی کوردستانی ئازاد دا و چ لە موشارەکەتی کورد لە دەوڵەتی ناوەندی دا وەک ئامڕازێکی نەتەوەیی جێگای خۆی بگرێ. پێشەکیی بەرنامە و پێڕەو ڕوونی دەکاتەوە کە «نێوەرۆکی بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ڕەنگدانەوەی ویستی نەتەوەیی و دێموکڕاتیکی خەڵکی کوردستانە».

کە وابوو کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شێوەیەکی واقیعبینانە و ڕاست چووەتە ناو گرفتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێنوێنییەکی باشە بۆ بڕگەکانی داهاتووی بەرنامە و پێڕەو. هەر وەها لە پێشەکی دا گوتار و شێوە زمانی نەتەوەیی بە باشی خۆی دەنوێنێ. گوتارەکە ئەوەیە کە بە بێ ئەوەی هیچ پێچ و پەنایەک بەکاربێنێ، وەک مێژووناسێکی واقیعبین ئەو ڕاستییە باس دەکا کە کوردستان یەک وڵاتە و کورد یەک نەتەوەیە. لە دوای شەری جیهانی یەکەم و دیاریکردنی نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هەر دەلیلێک بووبێ، کورد زوڵمی لێ کراوە و وڵاتەکەی دابەشکراوە. داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافێکی ڕەوای گەلی کوردە و ناکرێ بە هیچ پاساوێک پشتگوێ بخرێ. هەر لەو هەڵسەنگاندنە واقیع بینانەیەش ڕا پێویستە ناوی ئەو پارچە لە کوردستان دیاری بکرێ. مادام کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک وڵاتە، کوردی ڕۆژهەڵات بەشێک لە نەتەوەی کوردەو ئەو بەشەی کوردستانیش بەشێک لە کوردستانە. بۆیە بەکارهێنانی ناوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردی ڕۆژهەڵات پڕ بە پێستی ئەو واقیعە مێژووییە کە کورد هەیبووە. ڕاستە ئێستا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێک لە چوارچێوەی سیاسیی ئێرانە، لە ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵ دابەشکرانی کوردستان دا زۆر ئاڵ و گۆڕ لە ژێر کارتێکەریی هەر یەک لەو وڵاتانە دا کە کوردستانیان بەسەر دا دابەش کراوە، لە هەریەک لە بەشەکانی کوردستان هاتوەتە ئاراوە و هەر بەشەی تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بەڵام ئەوانە هیچ شتێک لە واقیعییەتی مێژوویی کوردستان و نەتەوەی کورد کەم ناکەنەوە. دیارە دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاوبێ کە ڕەنگە میکانیزمی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی لە هەریەک لە بەشە کانی کوردستان دا جیاواز بێ. کە دیارە لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەسندکراوی کۆنگرەی چاردەدا، ئەو ڕاستییەش لەبەر چاو گیراوە. هەر بۆیە هەم لە پێشەکی داو هەم لە بەرنامە و ستراتیژی دا ئەوە ڕەنگی داوەتەوە و پەیوەندی کوردستان بە ناوەندی ئێرانەوە دیاری کراوە و میکانیزمێک هەڵبژێردراوە کە مەسەلەی مافی نەتەوایەتی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا چارەسەر بکرێ. کە ئەوەش لە چوارچێوەی فیدڕالیزم لە سەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەکان و سنووری جوغرافیایی ناوچەی نیشتەجێبوونی نەتەوەکانی ناو ئێران دیاری کراوە.

دیارە لە بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا زۆر بە جوانی ئەوە لە نەزەر گیراوە کە دیاریکردنی چارەسەری بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێران دا، نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە گەلی کورد ئیرادەی خۆی لە دەست بدا و حیزبەکان بن کە لە ڕێگای سیاسەت کردنەوە بە کەیفی خۆیان مافی نەتەوەیی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بەکار بێنن. بۆیە لە بەرنامەی حدک دا میکانیزمی پیادەکردنی فیدڕالیزم دراوەتەوە بە جەماوەری کوردستان بۆخۆی. ئەویش لە ڕێگای ئۆرگانیزەکردنی فیدڕالیزمی کوردستان لە شێوەی کۆماری دا. لێرەدایە کە ئامانجی ستراتیژیکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەبێتە: وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێرانێکی دێموکڕاتیکی فیدڕاڵ و لە شێوەی کۆماری کوردستان دا.

لە بەشەکانی داهاتوو لە باس لە سەر نێوەرۆکی بەرنامە و پێڕەو دا هەوڵ دەدەم نێوەروکی ئەو دروشمە ستراتیژییەش لێک بدەمەوە.

وتووێژ لەگەڵ مەحموود شێرزاد سەبارەت بە:

# ستراتیژی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

**دیمانە: وریا رەحمانی**

**پ: پێت وایە ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسیەکان دەتوانن لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنیدا چ دەورێکی ئەکتیڤ و کاریگەریان هەبێ و دەبێ چۆن بێ؟**

و: ئەحزاب دەتوانن لە ڕێگەی باوەڕهێنانێکی نەگۆڕی دەروونیی و ئیشکردنی تەواو بە بنەما فکری و ئەخلاقییەکانی ستراتیژی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ ڕێبەرایەتی خەباتەکە بکەن، یا ببنە بەشێکی سەرەکیی پرۆسەی خەباتی مەدەنی، جیا لەوە کەم تا زۆر دەبنە ڕێگر و کۆسپی سەر ڕێگەی خەبات.

**پ: دەوری دامەزراوە و (NGO) کان لە خەباتی مەدەنیدا چۆنە و دەبێ چۆن بێت؟**

و: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ بەشێکی سەرەکی لە هەیکەلی گشتیی خەباتی مەدەنی سەراسەری پێکدێنن. ڕاستە ئەوان ڕوخێنەری دەسەڵات نین، بەڵکوو هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەت و دابەشکردنی ئەو دەسەڵاتە لە نێوان خۆیان و حکومەتدا دەدەن، واتە خاوەنی دیسکۆرسێکی حقوقی ـ مەدەنین و هەروەها لە دەروونەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دابینکردنی مافە مرۆییەکان باوەڕیان بە دیسکۆرسی سەربازی نیە، لە خەباتی مەدەنی نەتەوەییدا بە ڕێکخراوە هاوئاراستەکان ژمێرە دەکرێن، یانی ئەوەی لە جەوهەر و لە ئامانجدا لەگەڵ ستراتیژی خەباتی ناتوندوتیژیی سەراسەریدا هاوئاهەنگن و تەنانەت ئەگەر ڕاستەوخۆش نەیەنە ناو ڕێکخستنەکانی خەباتەوە هەموو هەنگاوێکیان بەشێوەیەکی ئاسایی خزمەت بە بەهێزکردنی خەبات دەکا و بوارەکە بۆ خەبات لەبارتر دەکەن، بەڵام لە بیرمان نەچێت کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەتمەندی کۆمەڵگای مەدەنی و دەسەڵاتێکی سیاسی دیموکراتیکن، لەبەر ئەوە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە ئیزن نادەن لەسێبەری ئەوان ئەو ڕیکخراوانە لە شێوە ڕەسەنەکەیان بێنەئاراوە، بەڵام حکومەتە دیکتاتۆرەکان لەو سەردەمەدا بە هۆی ئەوەی لە پێکهاتەی نێونەتەوەیدان و کۆمەڵێک بڕیارنامە و بەیاننامەی جیهانییان واژۆ کردووە، هەندێ شێوە ڕیکخراوی مەدەنی ئیزن پێدەدەن و هەندێ جار تەنانەت ئەو ڕیکخراوە پاشکۆیانەش لە دەستیان دەردەچن.

ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ستراتیژی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ پێکەوە جیاوازییان هەیە، واتە خەباتی ناتوندوتیژ پێکهاتەییەوە و هەوڵدەدات گۆڕانێکی پێکهاتەیی و بنەڕەتی بێنێتە ئاراوە و ئەگەر پێویست بێت دەسەڵاتیش لە بنەڕەتەوە بگۆڕێت، بەڵام ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی داکۆکی لە مافە تاکەکەسی و سنفی و پیشەییەکانی هاوڵاتیان دەکەن، بەو مانایە هەڵگری دروشمی شۆڕشگێرانە و دەسەڵاتگۆڕانە نین، بەڵام لە کاتێکدا نەتەوەیەک داگیرکرابێت و ئەو نەتەوەیە لە چوارچێوەی حکومەتی داگیرکەردا خاوەنی ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بێت، ئەو ڕیکخراوانە لە چوارچێوەی ستراتیژی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ دا بە شێوەیەکی ئۆتماتیک دەبنە بە شێک لە ڕیکخستن و پێکهاتەی خەباتە گەورە و سەرەکییەکە، لەو حاڵەتەدا هاوکات دەکەونە خزمەت ئامانجە گەورەترەکانیشەوە، واتە چالاکییەکانیان تەنیا خزمەت بە ئامانجەکانی خۆیان ناکات بەڵکو خزمەت بە ئامانجە باڵاکەی خەباتی نەتەوەیش دەکات، بەڵام ئەگەر ئەحزابی ئەو نەتەوەیە خەباتی چەکداری بکەن لە گەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناوخۆ دەکەونە دوو جەمسەری پێکناکۆکەوە، واتە ناتوانن زۆر لە خزمەتی یەکتری دابن و بگرە زۆرجار دەبنە هۆی ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئیزنی دامەزران و چالاکییان پێنەدرێت.

پ: ئایا خەباتی مەدەنی بەشێکە لە تێکۆشانی سیاسی یان ئاراستەیەکی جیاوازتر وەردەگرێت؟

و: لە ڕاستیدا هیچ چالاکییەکی کۆمەڵایەتی لە سیاسەت جیاناکرێتەوە، لەبەر ئەوەی سیاسەت بریتییە لە ڕێبەرایەتی کردنی کۆمەڵێک هەڵسوکەوت و کۆمەڵێک پەیوەندی تاکەکەسی و گشتی لە پێناو پێکانی کۆمەڵێک ئامانجی جۆراوجۆردا، بەڵام ئەگەر لێرەوە دەستە وشەی «خەباتی مەدەنی» لای هەندێ کەس مەدلولێکی ناسیاسی هەبێت، نیشانەی نائاگاداربوونە هەم لە سیاسەت و هەم لە خەباتی مەدەنی، چونکە خەباتی مەدەنی هاوکات جیهانبنی و شێوازێکی سیاسیە، بەڵام بە ستراتیژ و جەوهەرێکی ئەخلاقی و مرۆییەوە، واتە پێداگری لەسەر کارپێکردنی ستراتیژییەکی ئەخلاقی دەکات. بە تایبەتی لەو سەردەمەدا هیچ بوارێک بەقەرا بواری سیاسەت گونجاو نیە بۆ ئەوەی بە بەها مرۆییەکان بارگاوی بکرێت، لەبەر ئەوەی سیاسەت لەلایەک پەیوەندی بە هەمووانەوە هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆژانە هەمووان لە ناو سیاسەتدا دەور دەبینن. کەواتە ئەو سیاسەتە خاوەنی هەر جەوهەرێک بێت ڕاستەوخۆ ـ هەنگاو بە هەنگاو هەمووان لەسەر بنەمای ئەوە جەوهەرە پەروەردە و ڕێنمایی دەکات. ئەگەر ئەمڕۆ کۆمەڵگای جیهانی بە تایبەت لە ڕوویی مرۆیی و ئەخلاقییەوە تووشی هەرەسهێنانی پێکهاتەیی قووڵ بووە و ڕووخاوە بەسەریەکدا، نیشانەی ئەوەیە کە جەوهەری ئەو سیاسەتەی کە باڵادەست بووە و بە درێژایی مێژوو زۆرینەی مرۆڤ و حزب و حکومەتەکان ئیشیان پێکردووە جەوهەری نامرۆیانە بووە و ئێستاش هەر وایە. کەواتە باشترین بوار بۆ ئەوەی لەسەر بنەما مرۆییەکان مرۆڤ و کۆمەڵگاکانی تێدا دروست کەیتەوە بواری سیاسەتە، هەربۆیەش باشتر وایە ئێمەی کورد لەم بوارە ستراتیژییەدا لە ناوچەکەدا دەستپێشخەری بکەین و سیاسەتێکی جەوهەر مرۆیی و ئەخلاقی بەکاربێنیین، تەنانەت ئەگەر لەو ڕێگەیەشەوە سەرکەوتنی نەتەوەیی و سیاسی بەدەست نەهێنیین، لانیکەم جگە لەوەی پێش بە کۆمەڵێک خەساری گەورە دەگرین، لەسەر ئەو بنەمایە ڕادێن کە لە ناو حزب و گرووپ و گەڕەکەکەی خۆماندا بە ڕێزەوە لەگەڵ یەکتری هەڵسوکەوت بکەین و بژین.

**پ: ئایا فەزای سیاسی ئێستای ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لە بواری ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ حکومەتێکی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران چەندە لەبارە بۆ پراکتیزە بوونی هەوڵی خەباتی مەدەنی؟**

و: بە تایبەت دەیەی ڕابردوو لە ئێراندا دەیەی دەرکەوتنی توانایی مەدەنییانەی کۆمەڵگای ئێرانی بوو، بۆ نمونە لە کوردستان چەندین نمونەی زۆر گرنگی سەرپێچی مەدەنیمان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناوخۆدا ڕێبەری نەکران و لە دەرەوەی وڵاتیش نەکران بە ماتریالی دیپلۆماسی بەخەسارچوون، لە چوارچێوەی ئێرانیشدا نارەزایەتی سەوز هێمایەکی جدی بوو، بەڵام ئەویش لەبەر کەموکوڕییە دەروونییەکانی چ لەبواری ئامانج و چ لەبواری ڕێبەریدا بینیمان نە تەنیا بە ئامانجەکانی نەگەیشت، بەڵکو جاریَ گەڕاوەتەوە بۆ ژێرپێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

ئەم شێوازە لە هەموو سەردەمێک و لە هەموو گۆمەڵگایەکدا وڵامدەداتەوە و دەبێتە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی، واتە شێوازێکە پەیوەندی نییە بە شوێن و کات یا کلتوورێکی تایبەتەوە، بەڵکو پەیوەندی بە جەوهەری مرۆڤبوونی مرۆڤ و ئینجا پەیوەندی بە تێگەیشتنەوە هەیە، یانی هەرکاتێک لێی تێبگەین و بە دروستی کاری پێبکەین ئەوکاتە کاتێتی و بە ئامانجی خۆمانمان دەگەیەنێت.


بە نیسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکەت کە زۆر گرنگە، دەبێت بڵێم کە تا حکومەت دیکتاتۆرتر بێت کاریگەری ستراتیژی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ قوڵتر دەردەکەوێت. یانی هەمان حیکایەتی مۆم و ڕووناکی و تاریکیەکەیە، هەروەک چۆن تا تاریکی قوڵتر بێت ڕوناکی زۆربچوکیش زۆر بەرجەستە دەبێتەوە، ئەم شێوازەش لە بەرامبەر دیکتاتۆرییەتدا وایە، تەنانەت لە تۆتالیتارییەتدا زیاتر لە دیکتاتۆرییەت کاریگەرییەکانی دەردەکەون، واتە داگیرساندنی مۆمێکە لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا کە مۆمەکە بەرەبەرە دەبێتە خۆر و تاریکیی دەسڕێتەوە، بەڵام خەباتی توندوتیژ داگیرساندنی مۆمێکی بچوکە لە نیوەڕۆیەکی ساو دا، لێرەوە و لە باشترین حاڵەتدا جگە لەوەی (مۆم)ەکە بە فیرۆ دەچێت هیچ دەرئەنجامێکی دیکەی لێناکەوێتەوە. دەبێ مۆمێک لە ئاست خۆرێک دا ڕوناکی چەند بێ، پێشمەرگەیەکی کەڵاشینکف لەشانیش هەرچەند جەنگاوەرێکی قارەمانیش بێت لە بەرامبەر سوپا و حکومەتێکی پڕچەک و بەهێزدا دەبێ هێزی چەند بێت، لێرەوە خەباتی چەکداری لە باشترین حاڵەتدا لەوە دەچێت بە مۆمێکی کوژاوەوە بچیتە شەڕی شەوێکی ئەنگوستەچاو، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئێمە هێزێکی دیکەمان هەیە کە لە هێزی حکومەت بە هێزترە، ئەویش هێزی هاوکاری نەکردن و هێزی تەسلیم نەبوونە. بۆیە ئەوانەی پێیان وایە ستراتیژی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ بۆ حکومەت و کۆمەڵگا دیموکراتیکەکان دەبێت، ئەم شێوازەیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تێکەڵ کردووە. ئەوەش دوو بابەتی لێک جیاوازن و وەبزانم پێش ئێستا بەرادەی پێویست قسەمان لە بارەوە کرد.

کەواتە بەدڵنیاییەوە خەباتی ناتوندوتیژ لەسەر بنەمای تەحریمی پێکهاتەی بەردەوام ( نەک تەحریمی تاکتیکی و کاتی) تاکە ڕێگەی دروست و کاریگەری بەچۆکداهێنانی دیکتاتۆریی و تۆتالیتارییەتە. بۆ نمونە ئەگەر هەر لە ئێستاوە نەک خەڵکی هەموو ئێران بەڵکو خەڵکی کوردستان بە تەنیا لە هەموو بوارێکەوە خۆیان لە هاوکاریکردنی حکومەت بکشێننەوە و تەنانەت منداڵەکانیشان نەرێنەوە بۆ داینگە و قوتابخانەکان و لە ماڵەوە دانیشن و تەنانەت ڕێپێوانیش نەکەن، یانی بە جۆرێک لە جۆرەکان ئامادەبن لە پێناو ئامانجەکانیان بۆ ماوەیەک تەحەمولی ژیانێکی کەمزەرق و بەرقتر بکەن و درێژە بەم خۆکشانەوەیە بدەن، بە پێی ئەو موتاڵایەی ئەو چەند ساڵە لەو بوارەدا کردوومە گەرەنتی دەکەم لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا و بە خەسارێکی زۆرکەم ئاڵوگۆڕی زۆر بنەڕەتی دێتە ئاراوە، بەڵام ئەگەر خەڵک ئامادە نەبێت ئەوە بکات یا دووهەزار کەس لەشاخ خەبات بکات و هەشت ملیون کەسیش لەشار حکومەتگەردانی بکەن، حکومەت چۆن دەڕوخێت و خەبات چۆن سەردەکەوێت؟

**پ: ئایا خەباتی مەدەنیی و ناتوندوتیژ لە ناوچەیەکی تایبەتی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانێ چەند کاریگەریی هەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و جەماوەرییەکانی خەڵک؟**


و: ئەو شێوازە وەک لەسەرەوەش ئاماژەم پێدا هیچ پەیوەندێکی بە کات و شوێنەوە نییە، تەنانەت لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندێکی بە کلتووریشەوە نیە، بەڵکو لە هەنگاوی یەکەمدا پەیوەندی بە زاتی مرۆڤەوە هەیە، هەموو مرۆڤێکی بۆ نمونە شۆڕشگێڕ خەڵکی هەر شوێنێک بێت و لەهەر سەردەمێکدا بژی لە یەک کاتدا هەم (مهاتما گاندی) و هەم (چ گوارا)شە، یا هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم گۆی زەوییە لەیەک کاتدا هەم (جەلاد) و هەم (فریشتە)شە و...هتد، کەواتە لێرەوە ئەوە خۆیەتی کە یەکێک لەو دوو کەسایەتییانە هەڵدەبژێری یا شتێک لەو نێوانەدا لە خۆی دروست دەکات. کلتوور یا فەزای کۆمەڵایەتی ـ سیاسی گشتی ئەو کاتە دەوری هەیە و کەسایەتی مرۆڤەکان و بە تایبەت کەسایەتی ڕێبەرەکانیش شکڵ پێدەدات کە مرۆڤەکان و ڕێبەرەکان ئیرادە و بیرکردنەوە وتێگەیشتنی خۆیان بە ئیرادە و بیرکردنەوە و تێگەیشتنی گشتی بدۆڕێنن، لێرەوە مەرج نیە کەسێک کە وەک هەمووان بیری نەکردەوە ئەگەری نیە هەڵە بێت، بەڵکوو مەبەست تێگەیشتنی دروستە و ئەو تێگەیشتنە دروستە ئەگەری زۆر کەمە لە یەک کاتدا لای هەموومان بێت. کەواتە لەو حاڵەتەدا کە هەوڵمان نەدا بە تێگەیشتنێکی دروست بگەین و کاربکەین، هەموومان دەبینە شوێنکەوتووی ئەو میراتە ئایینی و سیاسی و نەتەوەییانەی بۆمان بەجێ ماوەو لە ئێستاشدا باون و ئیشیان پێدەکرێت. لە ڕاستیدا ئەگەر بە کلتوور و بە مێژوو بێت کەم شوێن هەیە بەقەرا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت بە قەرا کوردستان میراتی ناتوندوتیژی و کلتووری لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی هەبووبێت، بۆ نمونە لە زەردەشتەوە تا هەژموونی تەریقەت ء خانەقاکان ء کاریگەرییان لەسەر دنیابینی ئەو خەڵکانە لە هەندێ ناوچەی وەک هەورامان و دەڤەری بارزان و موکریان تا ئێستاش بەردەوامە، بەڵام جیاوازی لە گەڵ شوێنێکی وەک هیندوستان لەوەدایە کە بەپێی قۆناغەکان ڕێبەری ئەو بوارەی تێدا هەڵنەکەوتووە تا ئەم کلتوورە ڕوحانی ـ ئەخلاقییە بە زیندوویی ڕابگرێت و تەنانەت وەک مهاتما گاندی بۆ ناو سیاسەت پەلکێشی بکات. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشەوا قازی پێش ئەوەی ببێتە پێشەوای دیموکرات و کۆمار ڕابگەیەنێت لەبەر ئەوەی خاوەنی کەسایەتێکی ڕوحانیی ـ مرۆیی بەرز بووە ئەگەر ئیشی لەسەر ئەو بابەتە کردبا زۆر سەرکەوتوو دەبوو، من بە تایبەت لەو بوارەدا زیاتر لەهەربوارێکی دیکە بۆ پێشەوا قازی یەکجار زۆر بەداخم. لە کوردستانی باشوور مەولانا خالیدی نەقشبەندیمان هەیە کە دوای گەڕانەوەی لە هیندوستان لە لایەک شێخ مارفی نودێ پێی وابوو مەولانا لە ئایینی ئیسلام لایداوە هەربۆیەش کوردستانبەدەری کرد، سەرەتا لە سلێمانی بۆ بەغدای ڕەتاند و لەوێشەوە بۆ شام و دەرئەنجام لە قوونییە گیرسایەوە و لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا لەوێ کۆچی دوایی کرد، لە لایەکی دیکەشەوە بە داخەوە مەولانا خالید خۆی تێکەڵی سیاسەت نەکرد و ئەو پێگە و کاریگەرییە بەربڵاوەی هەیبوو لە سیاسەتدا بەکارینەهێنا، دەنا دەیتوانی کاریگەرێکی یەکجار زۆری هەبێت و دوور نەبوو ئێستا لە بارودۆخێکی دیکە دابین، لەبەر ئەوەی جگە لە بەشێکی زۆری کوردستان هەموو ئیمپراتۆریای عوسمانی حیسابێکی تایبەتیان بۆ دەکرد و دەتوانم بڵێم ئەو ئیمپراتۆریایە مریدی مەولانا خالید بوون. یان بە هەمان شێوە بنەماڵەی بارزانی خاوەنی تەریقەتێکی حەقیقەتخواز و ناتوندوتیژ بوون، لە گەڵ هەندێ لە تەریقەتەکانی هیندوستان لە پەیوەندیدابوون و سەر بەتەریقەتی نەقشبەندی بوون، هەربۆیەش تا مەلامستەفای نەمر هەموو بە (شێخ) بانگ دەکرێن، بەڵام لە بەرێزیانەوە شێخایەتێکە بەمانای ئەو کلتوورەی باسمان کرد مانای نەما و مەلا مستەفا بوو بە سیاسەتمەدارێکی پەتی و ئەو بوارە ڕوحییە. ئەخلاقییەی لەسیاسەتدا بەکار نەهێنا. کەواتە جگە لە وردە بوارە کلتوورییەکانی هەموو ناوچەکان، ئەوانەی ئاماژەم پێدان هەموو نمونەی بەرچاون و میراتێکی دەوڵەمەندن بۆ ئەوەی بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونە جیهانییەکان ناتوندوتیژی خۆجێی لەسەر دابمەزرێنین و بەو شێوەیە کاریگەرێکی قووڵ لەسەر خۆمان و ناوچەکە دابنێین، لە ڕاستیدا ئاوا بچێتە پێشەوە و ئەو ڕئالیزمە سیاسی ـ ئابوورییەی ئێستا لە دنیادا ڕۆڵ دەبینێ خۆی ئەخلاقیزە نەکات (کە من پێم وایە نایەوێت بە شێوەیەکی دەروونی خۆی ئەخلاقریژ بکات) چارەنووسێکی ترسناک چاوەڕوانی ئێمە و تەواوی گۆی زەوی دەکات، لەوە بترازێت ئەگەرەکەی تر ئەوەیە کە تەریقەتە ڕوحی ـ ئەخلاقییەکان بەرە بەرە باڵادەست دەبنەوە. لە ئێستادا هێماکانی هەر دوو ئەگەرەکە لەبەرچاومانن، لەلایەک بێ ئەخلاقی و زێدەخوازێکی دڵڕەش و کوێری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەربڵاو، لە لایەکی دیکەشەوە پەرەسەندنی ڕۆژانەی (یوگا) و (مێدیتەیشن) و (زەن) و...هتد لەسەر ئاستی جیهانی، کە یەکەمیان دامەزراوە و ڕێکخستنێکی گەورەی لە پشتە و ئەوەی تریشیان هەم بە شێوەی تاکەکەسی و هەم بە شێوەی گرووپی کۆمەڵایەتیدا ڕۆژانە دەردەکەون.

ئەو لێکدانەوەیەم بۆ ئەوە بوو کە بڵێم ستراتیژیی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ پەیوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یا هەر شوێنێکی دیکەوە نییە، بەڵکو لە هەنگاوی یەکەمدا پەیوەندی بە زات و جەوهەری مرۆڤەوە هەیە، هەر کاتێک لێی تێبگەین و درکی بکەین ئەوکاتە کاتێتی و بە ئیش پێکردنێکی دروست کاریگەرییەکانیمان بۆ دەردەکەوێت.



**خەباتی ناتوندوتیژ پێکهاتەییەوە و هەوڵ دەدات گۆڕانێکی پێکهاتەیی و بنەڕەتی بێنێتە ئاراوە و ئەگەر پێویست بێت دەسەڵاتیش لە بنەڕەتەوە بگۆڕێت، بەڵام ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی داکۆکی لە مافە تاکەکەسی و سنفی و پیشەییەکانی هاوڵاتیان دەکەن**

# کۆماری سێدارە



ئەمڕۆ «با» بریندارەو
هەتاوێکی سووری لێ ئەچۆڕێتەوە.
هەموو درەختەکان بوون بە دار هەنار
هەموو ماڵەکان ئەرخەوانین.
هەموو شەقامەکان هەڵساونەتە سەرپێیان.
ئەمڕۆ لەڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمدا
پۆلی کۆتری سوور لە زیندانەوە
لەسەر سێدارەوە هەڵفڕین و
شەقڕن.. شەقڕن
گەڕاونەتەوە کوردستان !
کۆترە سوورەکان ئەڵێن:
ئێمە گەمەی ئەو چیایانەین..کەناگوێزرێنەوە.
ئێمە گەرووی ئەو شێعرانەین.. کە وشک ناکەن.
ئێمە لە نەسلی ئەو باوەڕانەین کە نانوشتێنەوە!
ئەمڕۆ کۆترە سوورەکان بەئێچگاری گەڕاونەتەوەو
ناچنەوە تاران!.
کۆترە سوورەکان ئەڵێن:
کۆماری سێدارەی ئیسلامی
خوار خوار بۆتەوەو
بەڵام ئێمە تازە وا خەریکین
لە ملەی بەرزەوە
دەست بۆ خۆر بەرین و دای بگرینە سەر ئەرز!.
لە بەیانییەوە
شەقامە هەرە گەورەکەی «سنە»
ناوی خۆی گۆڕی بە «فەرزاد کەمانگەر»
لە بەیانییەوە
گەورەترین باخچەی «مەهاباد»
بوو بە «شیرین عەلەم هۆڵی» و
«مانگ»ی کردە سەرا!.
لە کازیوەی ئەمڕۆوە..
هەموو ئەو منداڵانەی لەدایک بوون
بە مێیەکانیشەوە
ناوی «فەرهاد وەکیلیان» لێنرا!.
لە ئەمڕۆوە
لە یەکەم گزنگی سووری بەیانەوە
«مەهدی ئیسلامیان» بوو بە «تاق بوستان»ی کرماشان.
کۆترە سوورەکان ئەڵێن:
دەبا کۆماری سێدارە
«سنە» لە سێدارە بدات!
«مەهاباد» بکات بە سلنگەوە!
نەهێڵێ گیا سەوز بێ
نەهێڵێ ئاو هاژە بکات و
نەهێڵێ باران ببارێ و نەهێڵێ منداڵەکانمان لەدایکبن!
من ئیتر لەمڕۆوە عاشقی چاوانی «شیرین عەلەم هۆڵ»یم.
لە ئەمرۆوە هەرچی شێعرم هەیە
ئەیانکەم بە گوڵی گۆرانیی
بۆ باڵای «شیرین عەلەم هۆڵ»ی.
لە ئێستەوە من تاڵی لە قژی ئەوم.
لە ئێستەوە
من نینۆکی پەنجەی ئەوم.
لە ئێستەوە من ئیتر ئەبمە ئەو جووتە پێڵاوەی
کە بۆ دوا جار لە پێی کرد و
پێوەی چووە سەر سێدارە.
لە ئێستەوە
من بازنی بە جێماوی دەستی «شیرین عەلەم هۆڵی»م.
گوارەی بەجێماوی ئەوم.
خەونی بەجێماوی ئەوم.
من ئێستە بووم
بە جانتا بچکۆلانە دەستیەکەی
«شیرین عەلەم هۆڵی»
بە شانەی قژی و
بە ئاوێنەی تەماشای و
من ئێستە بووم
بە دواتیکە نانی بەجێماوی و
بە دوا نامەی نیوە شەوی و
من ئێستە بووم
بە خۆڵی ژێر پێڵاوەکەی
«شیرین عەلەم هۆڵی»
کۆترە سوورەکان وا ئەڵێن:
کۆماری سێدارەی ئیسلامی
ئەوەی ناتوانی هەرگیز هەرگیز
هەرگیز لە سێدارەی بدا
ئایندیە و ئازادی!.

دوا بەدوای لە سێدارەدانی ئەو پۆلە ئازادیخوازانەی کوردستان، پارچە پەخشانێکم نووسی، لەڕاستیدا لە رووی هونەرییەوە بەشێکی زۆری قسەی ئاسایی بوون و بەدڵم نەبوون بەڵام لە لایەن خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، بەم دواییە جارێک تر گەڕامەوە سەری و هەندێ دێری نەبێ ئەوانیترم گۆڕی، بەڵام هێشتا بەڵای خۆمەوە شایستەی ئەوە قوربانیانە نیین، دیسانەوە لە رووی هونەریشەوە هێشتا هەر نزم فڕە- وەلێ بە بەراوەرد لەگەڵ یەکەم دەقدا کەمێک بەرزتر بۆتەوە!

**شێرکۆ بێکەس**

---

# «لەبەر تۆ نا...»

ئەری
لەبەر تۆ نا،
لەبەر سروەی بەر بەیانیت،
لەبەر تۆ نا،
لەبەر وردە وردە ئاوابوونی ئێوارانت
ئەری...
لەبەر تۆ نا...
لەبەر ئەوەش نا دڵت وەک چۆلەکەی هەڵکورماوی گوێسوانێکی
زوقم گرتوو هەمیشە خودا دەلەرزی
لەبەر ئەوەش نا خەزانە و چاوانی تۆ بە هەزاران رەنگی
گەڵاپاییزە دەنەخشێنی
تەنانەت لەبەر ئەوەش نا دوێنێ شەوی بەدەم مۆسیقای زوڵاڵی
بارانەوە تا بەیانی سەمامان کرد
لەبەر ئەوەی...
نا...
نەک تەنیا هەر لەبەر ئەوەی وشەکانم لە تۆ زیاتر ناتوانن هیچ
کەسێکی تر بنووسنەوە
پێتوانەبێ، وانەزانی تەنیا هەر لەبەر ئەوە بێ رۆحی سارسم بە
هەناسەیەکت دەچرژێ
واش نەزانی لەبەر ئەوەی گەر ترۆپکی قەندیلیش بم بە
هەناسەت دەتویمەوە و بە توێی تەسکی کراسەکەتدا دەچۆڕێم
لەبەر هیچکام لەوانە نا...
لەبەر سروەی بەربەیانیت،
کە تەوژمێک هەوری گەوال گەوڵی راماڵی و ئێمەی بەرەو
رێیەکی نازانن بەرەو کوێ راداشت
لەبەر هەتاوی نیوەڕۆت،
کە من خۆم دیم چۆن لاسکی باسکەکانتی هەڵدەقرچاند
لەبەر وردە وردە ئاوابوونی ئێوارانت،
کە هەتاوی ناردەوە ماڵەوە باوان و بە بێ ئەوەی لوێچی لە
شوێنی شک بەرین تا بەیانی ئەستێرە تەرەکانی پاش شەوە
بارانمان برژاند.

**عەتا جەمالی**

**لەگەڵ مۆسیقای نەرمی باران و پاییزی زێرین**

---

# بوێر بە و فامت بخە گەڕ..

**عەتا جەمالی**

ئەمە یەکەم ئامۆژەیەکە کە کانت لە وەڵامی پرسیاری «رۆشنگەری چییە؟»دا دەیخاتە روو... ئامۆژەیەکی هەژێنەرە کە بەردەنگەکەی تاکە، هاوکات ورەیەکی فەلسەفیی بەبەر ئیدیۆلۆگیدا لەو کاتەدا کە تاکێتی لە فۆرمولە (هاوکێشە) کۆمەڵایەتی و تیۆرییە کۆمەڵگەراییانەکاندا روون و توانەوە دەچێت. شۆکێکە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بکەرێک بە راناوی یەکەم کەسی تاکەوە بێتەوە ئاراوە (من)، بکەرێک کە شیکارە، نەخشەرێژ و بڕیاردەر و دواتر ئەنجامگەرە. بکەرێک کە بۆی هەیە هەستە پێنجینەکانی لەپێناو خۆیدا بخاتەکار، بکەرێک کە لە خۆیدا خاوەنی زەینێکی گەڕۆکە، زەینێک کە دەتوانێت بەبێ ئایدیۆلۆژیا بژی و بەبێ سەرۆک ئازاد بێت.

ئەو رستەیەی کانت سێ کۆنسێپتی زۆر گرنگی تێدا بەدی دەکرێت کە لەوانەیە لە خوێندنەوەی یەکەمدا هەستی پێنەکرێت بەڵام ئەگەر راوەستەیەکی کورتی لەسەر بکرێت نهێنییە مەزنەکەی دەردەکەوێ و لەو کاتەدایە کە سەرەپەنجەی سەرسووڕمان لە ئاردا دەخووسێ و نزمایی تاکی کۆمەڵایەتی و تواوەی نێو سیستەم ئاشکرا دەبێ.

«بوێر بە...». ئەمە هاندانێکە بۆ قبووڵکردنی ریسک، ریسکێک کە راستەوخۆ هەڵتدەداتە مەیدانی ململانێوە. ململانێ لەگەڵ بەرژەوەندییەکان، لەگەڵ ئەوانی تر، لەگەڵ بەها باوەکان، لەگەڵ کۆمەڵ، تەنانەت لەگەڵ خۆت کە تا هەنووکە بەشێک بووی لە هەموو ئەوانی تر و بەها و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ. بوێر بوون واتە پەرێز کردن لە گوێڕایەڵی ئاسایشخوازانە و سازشکارانە و بەدیوێکی تردا پشت کردن لەو بەها گرنگە سیاسییەی کە پێی دەوترێت تۆلێرانس و ئامانجەکەی تەنیا رێکخستنی بەبێ ریسکی ژیانی کۆمەڵگە و راهێنان لەسەر ئامۆژەیەکی یەکدەستە، ئامۆژەیەک کە «بوێری» لە توێکڵی



ئەویتر خۆشەویستیدا دەکووژێت، ئەویتر خۆشەویستییەک کە بە خۆدوژمنی دەستەبەر دەبێت.

«فامکردن». واتە داهێنانی پرسیار و کارا کردنی زەین بۆ دۆزینەوەی هەقیقەتەکان، ئەو هەقیقەتانەی هەمیشە لەخۆیاندا هەڵگری پرسیارن. زەینێکی شرۆڤەکار و گەڕۆک و ئازاد کە یەکەم هەنگاوی بۆ فامکردن سڕینەوەی وەڵامەکان و هەقیقەتەکانی پێشووە. «زەینێک کە یەکەمجار گومان لە هەقیقەتی خۆی و جەستەی خاوەنەکەی دەکات»

«وەگەڕ خستن». واتە لە چەقبەستوویی وەستاندن، «کار»ێک کە پێویستە ورووژێنەرەکەی زەین بێت، نەک تۆخێکی زاڵی دەرەکی. لەوانەیە ئەو جوولەیە رووبەرووی دیوارەکان(بەها ئایینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و جیهانییەکان) ببێتەوە. «ئەرابەی خوداکان» کاتێک وەگەڕ دەکەوت بە هەزاران کەس لە بن تایەکانیدا دەفلیقانەوە. هەقیقەت تەنیا فلیقانەوە بوو، لەبەر ئەوەی هەموو زەینەکان دەوەستان و تەنیا یەک زەین دەگەڕا، ئەویش بە ئەرابەیەکی ترسناکی هەڵگری هەقیقەتەوە. بەڵام ئەگەر هەزاران زەین وەگەڕ کەوێت هەزاران ئەرابە هەمبەری یەکدی دەبنەوە.

هەوڵی هەڵچنینی پێشەکیی فەلسەفی نادەم، ناشمەوێ هەقیقەتێکی تازە بخەمەڕوو، لەبەر ئەوەی هەقیقەت جوولەیە، جووڵەش هیچکات تازە نییە، تازەش هیچ مانایەکی نییە، تەنیا زەینێکی راهاتوو بە واتا سوواوەکان لەکاتی وروژانەوەدا هەستی تازەبوونی واتایەکی لا دروست دەبێت.

کەواتە، بوێر بە و فامت بخەگەڕ.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 552 4 febreury 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

### بەر لە ماڵاوایی

# ئەم سەفەرەتان سەفەری خێر نابێ!

ب.هیوا

لە هەواڵەکاندا هاتبوو کە کۆنسولگەریی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر، شاندێکی رۆژنامەنووسی، پێکهاتوو لە چەندین رۆژنامەنووسی هەرێمی کوردستانی بۆ بەشداری لە دەیەی فەجر و رێورەسمەکانی ٣٢ ساڵەی هاتنە سەرکاری ئەو رێژیمە، بۆ تاران بانگهێشتن کردوە.

بە شوێن بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵەدا، دەیان نووسەر، رۆژنامەوان و چالاکی مەدەنی، لە بەیاننامەیەک دا، رووی قسەی خۆیان کردۆتە رۆژنامەنووسانی بانگهێشت کراو بۆ ئەم یادە و ئاگاداریان کردونەوە کە ئەم دەعوەتە مەبەستێکی دیکەی لە پشتەو، بە پیرەوەچوونی کاریگەریی خراپ دادەنێ. لەم بەیاننامەیەدا ئاماژە بەم راستییە کراوە کە «بانگهێشتی ئەم رۆژنامەنووسە کوردانە لە دەمێکدایە کە سەدان رۆڵەی کورد لە زیندانەکانی ئێران دەناڵێنن و لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیان رۆڵەی کوردی لە دار داوە و سزای زیندانی بە سەر سەدانی دیکەدا سەپاندوە». بەیاننامەکە، بایکۆتی ئەم دەعوەتەی کۆماری ئیسلامیی بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی زانیوەو داوای کردوە رۆژنامەوانانی دەعوەتکراو بۆ جێژنەکانی دەیەی فەجر، هەست بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەن، نەچنە یادی دامەزراندنی رێژیمێک کە رۆژانە لاوانی کورد لە سێدارە دەدات و لە کونجی زیندان تونديان دەکات. لە یەک قسەدا، پەیامی نووسەرانی بەیاننامە و پشتیوانانی ئەوان بۆ رۆژنامەنووسانی میوانی دەیەی فەجر زۆر روونە: «هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیتان مەفرۆشن بە گەشتێک».

نازانم ئەو کەسانەی بۆ ئەم یادە لە هەرێمی کوردستان، دەعوەت کراون کێن و ناشزانم بە چ مەبەستێک ئەم دەعوەتە قبووڵ دەکەن. ناشمهەوێ بێ ئەوەی شتێک لەبارەی رابردوویان و نیازی راستەقینەیان لە سەفەر بۆ تاران بزانم، تاوانێکیان بدەمە پاڵ. بەڵام دەمەوێ پێیان بڵێم ئەم وریاکردنەوەیە، لە جێی خۆی دایە کە قبووڵی دەعوەتی کۆماری ئیسلامی بۆ بەشداری لە رێورەسمەکانی دەیەی فەجر، لە لایەن هێندێک لە رۆژنامەنووسانی باشووری کوردستان، ئەویش لە بارودۆخێکدا کە سێبەری پەت و سێدارە، کوردستان و سەرانسەری ئێرانی داگرتوە و نەفرەت و بێزاری لە کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی زیاتر لە ٦٠ ئیعدام لە ماوەی مانگێک دا، نێوخۆی ئێران و دنیای داگرتوە، دەچێتە خانەی هاوپێوەندی لەگەڵ جەللادەکانەوە.

ئەگەر پاساو بۆ ئەم سەفەرە، رێزگرتن لە شۆرشی گەلانی ئێران و فیداکاریی خەڵکی ئەو وڵاتە لە رەوتی ئەو شۆڕشە دا بێ، هیچ کەس ئەم پاساوە بە جیددی وەرناگرێ. چونکە لەمێژە خەڵکی ئێران، رێبەران و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەک وەک قارەمانانی ئەو شۆرشە بەڵکوو وەک بەلارێدابەرانی شۆرش و زەوتکەرانی دەسکەوتەکانی شۆرشی ١٣٥٧ دەناسن و هەر کەس لەو رێژیمە نزیک بێ، بە دوور لە خۆیانی دەزانن. ئەگەر کەسانێکیش بڵێن بۆ مەبەستی رۆژنامەنووسی و هاوپێوەندی لەگەڵ خەڵکی ئێران و پەردەلادان لە رووی تاوانەکانی ئەو رێژیمە و ئاشکراکردنی راستییەکانی نێو هەناوی کۆمەڵ، ئەم سەفەرە دەکەن، دیسان بە زەحمەت لێیان وەردەگیرێ. چونکە: یەکەم، کۆماری ئیسلامیی ئێران چارەی ئەو جۆرە رۆژنامەنووسانەی ناوێ کە لەبەرەی خەڵک دابن و بیانەوێ تاوانەکانی رێژیمێکی دیکتاتور و دژ بە خەڵک لە قاو بدەن. هەر بۆیەش بۆ ئەم جۆرە یادانە دەعوەتیان ناکا. دووهەم، رێگا بە میوانی لەو چەشنە نادرێت لەگەڵ خەڵکی جۆراوجۆر پێوەندی بگرن، یا بۆ وێنە سەردانی بەندیخانەکان بکەن تا بزانن قەڵەمە بوێرەکان و جیابیران و تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ لە چ هەلومەرجێکدا دەژین.

ئەم رۆژنامەنووسە بانگهێشتکراوانە، دەکرێ ئەم پرسیارە سادەیە لە خۆیان بکەن، خێرە ئەم رێژیمە رێگا بە قەڵەمە سەربەرز و ئازادەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نادا بەشداری لە فستیڤاڵە ئەدەبی و هونەرییەکانی هەرێمی کوردستاندا بکەن، بەڵام ئەوان بۆ رێورەسمە سیاسییەکانی خۆی لە تاران دەعوەت دەکا؟! مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە دەعوەتکردنی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداری لە دەیەی فەجردا، هەر ئەوەیە کە لە ئامادەبوونی ئەوان لە جێژنی لەدایکبوونی ئەم سیستەمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەدا، بە قازانجی خۆی و شاردنەوەی تاوانەکانی لە دژی گەلی کورد کەڵک وەربگرێ. ئەم خزمەتەش بە کۆماری ئیسلامی، بەتایبەتی لە کاتێکدا رۆڵەکانی گەلی کورد لە بەندیخانەکانی ئەو رێژیمەدا چاوەروانی ئیعدامن، شیاوی چاوپۆشی نیە.!

..............................................................

..............................................

# ڕێز گرتن لە دانەری فەرهەنگی هەژیر لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە



ڕۆژی ٣٠ ی بەفرانبار بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێک لە نووسەران و کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رێررەسمێک، بە مەبەستی رێزگرتن لە زەحمەتی چەند ساڵەی دانەری «فەرهەنگی هەژیر» پێک هات، لەو رێورەسمەدا لەوحی رێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکێشی هەژیر عەبدوڵلاپوور، دانەری ئەو فەرهەنگە کرا.

لەو رێورەسمەدا قادر وریا بە نوێنەرایەتی لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. لە وتەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب دا بەم بۆنەیەوە ئاماژە بە گرینگیدانی تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پرسی زمان و کلتووری نەتەوەیی کوردی کرا کە حیزبی دێموکرات لە مێژووی ٦٥ ساڵەی خەباتی خۆی دا سەرەڕای ئەوەی لە مەیدانی سیاسی و لەبەرەکانی خەباتی چەکداری، خەباتی سیاسی و تەنانەت نیو زیندانەکاندا خزمەتی ئامانجەکانی نەتەوەی کوردی کردوە، لە مەیدانی بایەخدان بە زمان و فەرهەنگی کوردیشدا خزمەتی شایانی بە نەتەوەی کورد کردوە و چاپ و بڵاوبوونەوەی زیاتر لە دەیان کتێب و بەرهەمی نووسراو بە قەڵەمی ئەندامانی ئەو حیزبە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی بزووتنەوەی کورد دا سەلمێنەری ئەو راستییەن.

هەروەها مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، کەسایەتی روناکبیری و سیاسیی کورد لە وتەیەکی کورت دا گرینگیی کاری فەرهەنگنووسی و لایەنە بەهێز و لاوازەکانی فەرهەنگی هەژیری هەڵ سەنگاند.

بەرێزان باباعەلی مێهرپەروەر، فەتاح کاویان، غەریب پشدەری و جەلیل گادانی چەند بەشدارێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون کە هەر کام لە روانگەی خۆیانەوە چەند لایەنێکی گرینگی نووسین و دانانی فەرهەنگی هەژیریان هەڵ سەنگاند.

..............................................................

# کۆچی دوایی نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد مامۆستا سەعید ناکام


هێمن - سەعید ناکام
وێنە و بەشێک لە بیوگرافی مامۆستا سەعید ناکام لە لاپەرەی فەیسبوکی هێدی وەرگیراوە

رۆژی سێشەممە ١٣ی رێبەندان، نووسەر و رۆژنامەنووسی ناوداری کورد مامۆستا سەعید ناکام، لە باشووری کوردستان و لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد. مامۆستا سەعید ناکام، ناوی راستەقینەی عەبدوڵلایەو لە دایکبووی ئاوایی «دەوەشار»ی سەر بە شاری مەهاباد بوو. مامۆستا سەعید ناکام لە بەرێوەبردنی «رۆژنامەی ژین»ی «پیرەمێرد» و چەند رۆژنامە و گۆڤاری دیکەدا دەوری هەبووە و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا یەکێک لە کارگێرانی «رۆژنامەی کوردستان» بوو.

نووسەر و رۆژنامەنووسی ناوداری کورد مامۆستا سەعید ناکام بە دوای روخانی کۆماری کوردستان بەناچار پەرێوەی باشووری کوردستان بوو. خوالێخۆشبوو مامۆستا سەعید ناکام لە ساڵی ١٩٧٠دا وێرای کۆمەڵێک لە ئەدیبان و نووسەرانی کورد «یەکیەتیی نووسەرانی کورد»یان دامەزراند.

مامۆستا سەعید ناکام کۆمەڵێک کتێبی چاپکراوی هەیە و بیرەوەرییەکانیشی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن دەزگای ئاراسەوە بڵاو بۆوە.

خوالێخۆشبوو تا ئەو کاتەی دەستی لەگرتنی قەڵەم کەوت، لەسەنگەری خەباتدا ئازایانە خزمەتی کردو هەمیشەش قەڵەمەکەی لەخزمەتی نەتەوەکەیدا بوو. مامۆستا سەعید ناکام لەماوەی تەمەنی پربەرهەمیدا دەیان بەرهەمی پڕ بایەخی پشکەشی گەلەکەی کردوەو خزمەتەکانی جێگای رێزو پێزانیین.

ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وێرای دەربڕینی داخ و پەژارەی خۆی بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم نووسەر و رۆژنامەنووسەی کورد خۆی لە خەمی بنەماڵەو کەسوکاری مامۆستا سەعید ناکامدا بە بەشدار دەزانێ و سەرەخۆشی لە هەموو نووسەران و رۆژنامەنووسان و روناکبیرانی کوردستان دەکا.

..............................................................

# جێگرتنی هەرێمی کوردستان لە ریزی ٢٠ وڵاتی گەشتوگوزاری دنیادا



بە پێی راپۆرتی رێکخراوێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ٢٠١٠ ی زایینیدا کەرتی گەشتوگوزار لە جیهان بە هۆی باشتر بوونی هەلومەرجی ئابووری سەتا ٧ گەشەی کردوە و هەرێمی کوردستانیش یەکێک لەو ٢٠ وڵاتانەیە کە لە سەرووی وڵاتانی خاوەن جێی گەشت وگوزار و توریستی دا جێیان گرتوە.

بە پێی راپۆرتی UNWTO، ئاسیا لە ساڵی ٢٠١٠ زۆرترین گەشەی لە بواری گەشتوگوزار بەخۆیەوە بینیوە و بە سەتا ١٣ ی ئەو گەشەیەی بە خۆیەوە بینیوە توانیویەتی ٢٠٤ میلیۆن گەشتیار راکێشی ئەو وشکاییە بۆ سەیرانی ناوچە گەشت وگوزارییەکانی بکا.

رێکخراویUNWTO، پێشبینیی گەشەی زیاتری کەرتی گەشتوگوزاری لە ساڵی٢٠١١دا کردوەو بە پێی هەڵبژاردەکانی گۆڤاری «ناشناڵ جیۆگرافیک»، هەرێمی کوردستان لەناو ٢٠ هەڵبژاردەی وڵاتانی گەشتوگوزاریی جیهان دایە.

..............................................................

# پیشاندرانی فیلمی دۆکیۆمێنتی ئۆرانیۆم لە کانادا سەرەرای نارەزایەتی دەربڕینی ئێران

سەرەڕای نارەزایەتی دەربڕین و تەنانەت هەڕەشەی باڵیۆزخانەی ئێران لە ئۆتاوا، پایتەختی کانادا بەرامبەر بە ئەگەری پیشاندانی فیلمی دۆکیۆمێنتی «ئۆرانیۆم»، وەزیری شوێنەواری کانادا بڕیاری داوە، ئەو فیلمە لە ناوەندی نەتەوەیی «کتێبخانە و ئارشیڤ» ی کانادا پیشان بدرێ.

«جیمز مۆر»، وەزیری شوێنەواری کانادا رۆژێک دوای رێگەگرتن لە پیشاندانی فیلمی " ئۆرانیۆم" لە کتێبخانەی نەتەوەیی کانادا، سەرەڕای نارەزایەتی دەربڕین و خۆتوورە کردنی ئێران بەرامبەر بە بڕیاری بەرپرسانی کتێبخانەی نەتەوەیی ئەمەریکا، بڕیار ی داوە ئەو فیلمە بە زووترین کات لەو ناوەندە پیشان بدرێ.

بڕیاری وەزیری شوێنەواری کانادا سەبارەت بە پیشاندانی ئەو فیلمە لە کاتێک دایە کە بەرێوەبەرانی ناوەندی نەتەوەیی «کتێبخانە و ئارشیڤ» ی کانادا لە ئاکامی نارەزایەتی دەربڕینی باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئۆتاوا، رایانگەیاندبوو، ئەو فیلمە پیشان نادرێ.

وەزیری شوێنەواری کانادا دوای ئەو بڕیارە لە کۆنفرانسیکی خەبەری دا رایگەیاند کە پرەنسیپی ئازادیی رادەربڕین، یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی دیمۆکراسیی کانادایە و کانادا ئیزنی ئەوە بە باڵیۆزخانەی ئێران نادا کە بۆ ئەو وڵاتەی دیاری بکا کە چ فیلمێک لەو وڵاتە پیشان بدرێ یان ئەوەی رێ لە پیشاندانی چ فیلمێک بگیرێ.

فیلمی دۆکیۆمێنتی " ئۆرانیۆم" لە دەرهێنانی «رافائێل شۆر» چەندین وتووێژی لە گەڵ شارەزایانی کاروباری ئێران و نەیارانی کۆماری ئیسلامی لەخۆ گرتوەو لە سەر زاری ئەو شارەزایانە باس لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تایبەت سیاسەتی وەدەست خستنی چەکی ئەتومی و پاڵپشتی کردنی ئەو وڵاتە لە گرووپە تیرۆریستییەکانی وەکو حەماس و حێزبۆللا دەکا و هەروەها سەبارەت بەهەرەشەی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەمنیەتی جیهانی وریایی بە خەڵکی دنیا داوە.

..............................................................

# پێکهێنانی ئەنجومەنێک بۆ سانسۆری زیاتری سینەما



لە درێژەی پلان و بەرنامەکانی رێژیم لە ئێران، بۆ بەرتەسک کردنەوە و سانسۆری هەمەلایەنەی ژیان، ئەم جارە دەوڵەتی ئەحمەدینژاد ئەنجومەنێکی بۆ چاوەدێریی هەرچی زیاتری سینەما لە ژێر ناوی «ئەنجومەنی بەرزی سینەما» پێک هێناوە کە ٧ کەس لە خۆدەگرێ.

لەم پێوەندییەدا میهدی کەلهوڕ، راوێژکاری بواری راگەیاندنی ئەحمەدینژاد بە توندی رەخنەی لەم سیاسەتەی دەگرێ و گوتی: «سینەمای دەوڵەتی واتا تەعتیل کردنی شعوری ٧٠ میلیون کەس و دانی دەسەڵاتی بە ٧ کەس کە ئەوانیش قابیلی فرۆشن. ناوبراو هەروەها دەڵی پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە «گەورەترین خیانەت بە سینەما و گەلە».

ناوبراو پێشتریش وتبووی: «من نیگەرانی بزووتنەوەی سەوزم». هەشت میلیون کەس بزووتنەوەی سەوز، کەسی لێهاتوو و لاوانی خوازیاری فێربوونبان تێدایە کە ناکرێ لە پەراوێز بخرێن.

